دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران


ژمارە ٦٦١، سێ شەممە، ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٤، ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


## پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە

بە بۆنەی جێژنی قوربانی موبارەکەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو موسولمانانی جیهان بە تایبەت خوشک و برا کوردە موسلمانەکانمان دەکەین و ئاواتەخوازین ڕۆژانی جێژن هاندەرێکی بەهێز بێ بۆ یەکگرتوویی و برایەتی گەلی کورد لە خەبات دژی زۆرداری و مافخوراوی نەتەوەکەمان.


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی



دەقی وتەکانی بەڕێز حەسەن شەرەفی ٤



دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن، ئەمجارەش بێ زمانی دایکیی ٥



ناسەقامگیری دەروونیی پێوەرێکی دواکەوتوویی وڵات و کۆمەڵگای ئێران... ٦



لێکهاڵاندنی تواناکانمان پاشترین پاداشە بۆ یادی شەهید دکتۆر سەعید شەرەفکەندی ٩

# نەسرەوتن تا سەرکەوتن



لە بیست و سێهەمین ساڵوەگەڕی تاوانی تیرۆریستیی میکۆنووس، کوردستان لەگەڵ ئارمانجەکانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی پەیمانی نوێ کردەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی پێنجشەممە بیست و شەشەمی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی، بە بۆنەی بیست و سێهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، ڕێوڕەسمێك بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکان، ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان لە یەکێك لە هۆڵە گشتییەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەش کردنی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێ بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکیان بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز شەرەفی لە قسەکانیدا دوکتور شەرەفکەندی بە کەسایەتییەك وەسف کرد کە: « لە داڕشتنی سیاستی حیزبدا، بەتایبەتی دروشمەکان و ئارمانجە دواڕۆژەکانی حیزب، هاوڕێ و پشتیوانی ڕاستەقینەی مامۆستاکەی واتە دوکتور قاسملوو بوو.»

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانیدا وتی: « یەکێك لە پرنسیپەکانی دوکتور شەرەفکەندی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی دروست، دەروەست و گونجاو بۆ حیزبی دێموکرات بوو کە تا ئێستاش حیزبی دێموکرات ئەم بنەمایەی کردووەتە سەرباشقەی ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتی خۆی.»

بەڕێز شەرەفی لەپێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید ڕایگەیاند: « دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی تا ئەو کاتەی لەنێو کادر و پێشمەرگە و دۆستانی خۆیاندا بوون، هەرگیز کۆماری ئیسلامی نەیتوانی زەفەریان پێ بەرێ، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتانی دێموکراتیك و بە بوونی دەزگا ئەمنییەکانی ئەم وڵاتانە، کەوتنە نێو داوی پیلانەکانی ڕێژیم و تیرۆر کران.»

لەپێوەندی لەگەڵ دەرکردنی بڕیاری دادگای میکۆنووس و مەحکووم بوون و لەقاودانی تیرۆریسمی دەوڵەتیی ئێران لەم دادگایەدا، بەڕێز شەرەفی جەختی کردەوە: «ئەم بڕیارە شەهیدەکانی بۆ ئێمە نەگەڕاندەوە، بەڵام سارێژکەری برینی دڵی کەسانێکی زۆر بوو کە تێگەیشتن هێشتاکە هەن کەسانێ کە لە پێناو دادوەریدا خەبات دەکەن و پرنسیپەکانی دادوەری زاڵ دەکەن بەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسی، ئابووری و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکاندا.»

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەدا وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر بڕوای قووڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ڕێکارە ئاشتیخوازانەکان بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، ڕایگەیاند: « نەتەوەی کورد حەزی لە قۆنداخی ڕەقی چەك و فیشەکی ئاگرینی چەك نییە. حەزی لە کوشتنی کەس نییە و خۆی بە کوشت نادات، بەڵام لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی لە هەموو شێوەکانی خەباتی ڕەوا کەڵك وەردەگرێ. کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێك نییە کە تەنیا بە دیالۆگ و بە پێنووس بڕووخێ یان لاواز بێ. دەبێ لە تەنیشت کاریگەریی و بەکارهێنانی هێزی پێنووس، هەنگاوی دیکەش بگردرێتە بەر تاکوو کۆماری ئیسلامی ناچار بە قبووڵ کردنی هەندێ پرس و باس بکات.»

بەڕێز شەرەفی هەروەها جەختی کردەوە لەسەر پێویستیی ئەمگناسی بە ڕێبازی شەهیدانی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد و وتی: « ئەمگناسیی ئێمە... وامان پێ دەڵێ کە درێژەدەری ئەم ڕێبازە بین و خەباتی خۆمان و ژیانی سیاسی خۆمان فیدای هەندێ جوانییە ڕواڵەتییەکانی دونیا لەم وڵات و ئەو وڵاتدا نەکەین. جێگەی ئێمە ئێرەیە، لە نیشتمانی خۆماندا و لەنێو خەڵکی خۆمان. لەبەر کەس واز لە خەباتی خۆمان ناهێنین. ئەگەر ئێمە لە نیشتمانی خۆمان و خەڵکی خۆمان داکۆکی و بەرگری نەکەین و لەژێر باری بەرپرسیارەتی خۆ بدزینەوە، کێ ئەم بەرپرسیارەتییە دەگرێتە ئەستۆ؟»

لەبەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان، خوێندکاران و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن «هێرش کەریمی» ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، کۆڕی هونەری کومسیۆنی پەروەردەی حیزب چەندین سروودی شۆڕشگێڕانەیان بۆ یادی ڕێبەرانی شەهیدی حیزب و گەل بەتایبەتی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.



## پەیڤ

کەریم پەرویزی

### ئێران جاشایەتی بۆ کێ دەکا؟

لە وڵاتی سووریەدا شەڕێکی قورس و ماڵوێرانکەر بەردەوامە و بۆ ماوەی نزیک بە ٥ ساڵە کە بڵێسەی ئەو شەڕە تا دێ فراوانتر دەبێ و ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی گەلانی سووریە دەکاتە خۆڵەمێش.

لە شەڕە خوێناویەدا کە چەندین لایەن تێوەی گلاون و شەڕی مان ونەمان لە نێوان چەند بەرەی پشتیوانانی ئەسەد و گرووپی دڕندەی داعش و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە و گرووپی ئەرتەشی ئازاد و هێزە کوردیەکاندا بەڕێوەیە، وێڕای چەند وڵاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیشی تێوەگلاوە و بە چەک و تەقەمەنی و پارە و تەداروکات و هێزی پاسدار و میلیشیای جۆربەجۆرەوە لە زەلکاوەدا ڕۆ چووە و دژ بە خەڵکی سووریە شەڕ دەکا و هاوپیاڵەی خوێنمژیەکانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بووە.

ئەوەی لەم نێوەدا جێگای پرسیارە ئەوەیە کە ئاخۆ کۆماری ئیسلامی بۆ بە هەموو هێز و تواناوە خۆی لەو شەڕە قورتاندوە و لە چنگ و ددان و پۆتینی پاسدارەکانی خوێنی خەڵکی بێتاوانی سووریە دەڕژێتە نێو مێژووەوە؟ ڕێژیمی بەشار ئەسەد خۆ ڕێژیمێکی مەزهەبی نیە تاکوو لە باری مەزهەبییەوە کۆماری ئیسلامی خەمی بخوا و هەڵکەوتەی ستراتژیکی سووریەش بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوندە ناهێنێ کە شەڕی مان و نەمانی تێدا بکا. دروستە کە دراوسێ ئیسراییلە و ڕێگای تەداروکی حیزبوڵای لوبنانە، بەڵام خۆ کۆماری ئیسلامی دەیتوانی پشتیوانی لە ئەسەد نەکا و لەگەڵ گرووپە موخالیفەکان و هەروەها حکومەتیەکانی سووریەدا ڕێک بکەوێ و ڕێگای تەداروکی حیزبوڵا بهێڵێتەوە. بە پێی پێوەری حیساب و بەرژوەندیی سیاسیش کە لێکی بدەیتەوە ئەو هەزینە قورس و گرانە، بۆ ئەوەندە بەرژەوەندیە هەڵ ناگرێ و حیسابەکان یەک ناخوێننەوە!

لەو نێوەدا جێگای پارامیترێکی دیکە نادیار و لەنگ دەنوێنێ، کە تەنیا لەم دواییانەدا ڕوونتر بۆتەوە، بەرژەوەندیەکانی ڕووسیە!

ڕووسیەی پۆتینی، لە کێبەرکێی بەرژەوەندی و ڕۆڵی سیاسی و نیزامیدا دەیەوێ هاوتای ئامریکا بنوێنێتەوە و وردە وردە ئیمپراتۆریی سۆڤیەتی بونیات بنێتەوە و لە گورجستان و ئۆکرایندا ملهوڕانە ڕۆیشتە پێش و لە سووریەدا دەیەوێ پێگەی ستراتژیکی لەسەر دەریای مێدیترانە و لە دراوسێیەتی ئیسراییل و تورکیەدا گوشار بێ بۆیان و بە هەموو تواناوە دەیەوێ ئەسەد بپارێزێ، بۆ ئەم کارەش کۆماریی ئیسلامی ناردۆتە پێش تاکوو بۆ ماوەی ٥ ساڵ هێز و توانای پاسدارانی خامنەیی لە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی پۆتیندا بن و ئێستا کە پاسدار و حیزبوڵا و ئەرتەشی بەعسی ئەسەد بەرەوڕووی شکستی ستراتژیک دەبنەوە، ئاغا و ئەربابەکەیان ڕوونتر دێتە پێش و سەربازی ڕووسی لە مەیدانەکاندا دەردەکەون!



## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندن

هاونیشتمانیانی بەڕێز،
خەڵکی مافخوازی کورد،
مامۆستایان، خوێندکاران و قوتابیانی هێژا،

لە ئێراندا ڕۆژی یەکی ڕەزبەر وەک سەمبۆل و ڕۆژێکی سیمبۆلیک، وەک ڕۆژی دەسپێکردنی خوێندن دیاری کراوە و هەموو ساڵێک منداڵان و لاوانی ئێران بە زەنگی دەسپێکی قوتابخانە، ساڵێکی نوێ لە وەرزی خوێندن و فێربوون لە ژیانیاندا دەست پێ دەکەن و قۆناخێکی دیکەی ئەزموون و زانیاری وەسەریەکنان دەبڕن.

باسکردن لە گرنگیی خوێندن و زانیاریی دەستخستن و پەروەردە و بارهێنان، شتێکی زیادی دێتە بەرچاو، چوونکە لە ڕۆژ ڕووناکترە کە پەروەردە و فێربوونی منداڵ و لاوانە کە ئەوان بۆ ژیانی باشتری داهاتوو ئامادە دەکا و لە جیهاندا و بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە بە سەردەمی شۆڕشی زانیاری ناسراوە، دەور و جێگەی فێربوون و سیستمی فێرکاری دەورێکی یەکلاکەرەوەیە لە ژیانی کۆمەڵگا و لە بەرەوپێشچوون یان پاشکەوتن و دواکەوتنی جڤاکیدا. بەڵام لە سیستمی ئیدئۆلۆژیکەکاندا و بەتایبەت سیستمی وەکوو کۆماری ئیسلامی، هەوڵ دەدەن کە پرۆسەی خوێندن و سیستمی پەروەردە بەجۆرێک پاوان و داگیر بکەن و لە نێوەڕۆکدا ئاوەژوو بکەنەوە، تاکوو بیرکردنەوە و هزری قوتابیان داگیر و یەخسیر بکەن و بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی پێشکەوتوو و تێکنیکی ئەمڕۆیی تێڕوانینی پاوانخوازانەی خۆیان بلاوبکەنەوە ولەباتی مافی دەستوێڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیارییەکان، لە نێو دەزگایەکی درۆیینەی ئیدئۆلۆژیکدا ڕایانگرن. لە ڕاستیدا سیستمی پەروەردە لە دەزگای کۆماری ئیسلامیدا دەبێتە دەزگای بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری و لاوانی وڵات دەبێ وشیار بن کە سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی بەلاڕێیاندا نەبا.

هەر بە بۆنەی دەسپێکی ساڵێکی دیکە لە پرۆسەی خوێندن، پێویستە پیرۆزبایی لە مامۆستایانیش بکەین کە ئەرکی قورسی بارهێنان و پەروەردەی لاوانی وڵات لە ئەستۆی ئەوانە و ڕەنج و تێکۆشانیان جێگای ڕێزە. هاوکات لەگەڵ ئەوەیدا کە لە دەزگای کۆماری ئیسلامیدا ئەوپەڕی بێڕێزییان پێ دەکرێ و کەمترین ماف و ئیمکاناتیان بۆ دابین دەکرێ و نارەزایی و مانگرتنەکانیان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان سەرکوت کراوە و دەکرێ و ئێستاش ژمارەیەک لە مامۆستایانی مافخواز لە زیندانەکانی ڕژیمدان، بەڵام مامۆستایانی خەمخۆر لە هەوڵی پەروەردەکردنی دروست و ئەمڕۆیی منداڵان و لاوانی نیشتماندان و لە کار و ئەرکی نیشتمانی و دێموکراتیکیان ڕاناوەستن.

وەرزی نوێ و ساڵی نوێی خوێندن بۆ منداڵان و لاوانی ئێران و بەتایبەت بۆ لاوان و منداڵانی کورد ، دەکرێ دەسپێکردنەوە دەورکی دیکە لە خۆئامادەکردن بۆ داهاتوو بێ و بە بۆنەی ئەو دەسپێکەوە پیرۆزبایی لە هەموو قوتابی و و خوێندکارانی ڕوو لە مەتەرێزەکانی خوێندن و فێربوون دەکەین و بەتایبەت هانی لاوانی کورد دەدەین کە بە هێز و ئەنگیزە و پاڵنەرێکی زیاتر و پتەوترەوە بەرەو خوێندن و فێربوون بڕۆن، تاکوو هەم خۆیان لە ڕەوتی خێرای گەشەکردنی زانست و زانیاری وەدوا نەکەوەن و هەم سەرمایەی بارهاتووی داهاتووی نەتەوەکەمان بن، چوونکە ستەمکاران هەوڵ دەدەن نەتەوەکان لە نائاگاییدا ڕابگرن چوونکە دەتوانن نەتەوەیەکی نائاگا و نەخوێندەوار ساناتر بچەوسێننەوە، بەڵام ناتوانن مێشک و باوەڕی نەتەوەیەکی ئاگا و وشیار داگیر بکەن و ئەمە ئەرکی لاوان و قوتابیانی کورد قورستر دەکا کە لە گۆڕەپانی خوێندن و زانست فێربووندا بوونی سەرکەوتوانەیان بسەلمێنن.

سەرەڕای دەوری گرینگی فێربوون و دەسپێکی ساڵی نوێ خوێندن بۆ لاوان لە ئێراندا، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم لایەنە گرنگە، نابێ لایەنی دیکەی فێربوون و خوێندن لە ئێراندا فەرامۆش بکەین، ئەویش دەسپێکی وەرزی هرۆژم بۆ سەر زمانی دایکی لەئێراندایە چوونکە لە ئێراندا خوێندن و پەوروەردە بە زمانی فارسیە و منداڵانی نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێراندا لەگەڵ ئاشنابوون بە دیاردەیەک بە ناوی قوتابخانە، قوتابخانە دەبێ بە سیمبۆلی فەرهەنگ و زمانی دەسەڵات و فارسی دەبی بە زمانی سەرکوتکاری و ستەم بۆیان. بە دەسپێکردنی خوێندن، سیستمی پەروەردە لە ئێراندا جینۆساید و تواندنەوەی فەرهەنگی و زمانی بە شێوەی سیستماتیک پەیڕەو دەکا و لە ڕاستیدا زەنگی دەسپێکی قوتابخانە لە ڕەزبەری پاییزدا دەبێ بە هەڵوەرین و پاییزی زمانی دایکی و لە قوتابخانەدا هەموو هەوڵێکی سیستماتیک بۆ لەبیر بردنەوەی زمانی دایکی لە نێو نەتەوە ستەملێکراوەکاندا و یەک لەوان نەتەوەی کورد دەدرێ.

ئەم بەشە لە دیاردەی خوێندن و پەروەردە لە ئێراندا ئەرکی قورس دەخاتە سەر شانی مامۆستایانی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان و بەتایبەت مامۆستایانی کورد تاکوو بەهەر شێوەیەک کە بۆیان دەلوێ، منداڵانی کورد لەگەڵ زمانی دایکییان بۆ خوێندن و فێربوون ئاشنا بکەن و بە تاک و بە کۆ هەوڵی پەروەدە بە زمانی کوردی لە نێو منداڵانی کورددا بدەن.

وێڕای پیرۆزبایی دووبارە بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی نوێ خوێندن و فێربوون، هیوادارین کە ڕۆژێک بێ کە منداڵانی نەتەوەکانی ئێران و منداڵانی کوردیش بێ هیچ هەڵاواردن و ستەمێک بە زمانی دایکیی خۆیان زانست و زانیاری فێر ببن و پەروەردەی سیستماتیکی دێمۆکراتیک بە زمانی دایکییان بکرێن

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٣٠ خەرمانانی ١٣٩٤ هەتاوی

## شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆڕی پرسە و ماتەمینی «ئیسماعیل بدرانخلو»دا کرد



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە ئەندامانی ڕێبەریی و ژمارەیەک کادری حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی «محەممەد نەزیفقادری» ئەندامی دەفتەری سیاسی لە ڕێوڕەسمی کۆچی دوایی «ئیسماعیل بدرانخلو»دا کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەلایەن «حەمید دەروێش» سکرتێری حیزبی پێشکەتنخواز و ژمارەیەك لە ئەندامانی نوێنەرانی ئەو حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

ئەو بەشداری کردنە لەو کۆڕە ماتەمینییەدا ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانان ١٣٩٤ ئەنجام دراوە و تێیدا شاندی حیزب هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی ئەو حیزبە دەربڕیوە.

هەر بەو بۆنەیەوە شاندەکە پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان بە ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە گەیاند.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەم ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشی «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەفتەری سیاسییان بە «حەمید دەروێش» پێشکەش کرد و خەباتی «ئیسماعیل بدران خلو»یان بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنیان بۆ حیزبەکەی خواست.

## ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد

بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ٢٣هەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میکۆنوسی شاری بێرلین، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چالاکیی بەرینی تەبلیغییان لە شارەکانی کوردستان بەڕێوە برد.

**بۆکان:**

جادە حەسار، شەقامی ساحیلی، شەقامی عەشایر، پشت غورفەکانی شارەداری، نێوان فەلەکەی «مادر» و شەقامی ساحیلی»، پارکی محەممەد دیە، کۆڵانی محەممەد دیە، پارکی ساحلی، شەقامی مامۆستا بێکەس، پشتی مەکتەب قورئان، شارۆچکەی «میراوای بۆکان، پشت بیمارستانی میراوا و کوی فەرهەنگیان»، کۆڵانەکانی شەقامی کوردستان و شەقامی وەرزش.

هەروەها ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی خەرمانانی ١٣٩٤ بە بۆنەی یادی شەهیدانی میکۆنوس لە «کۆڵانەکانی کوشتارگا، گاراژی سەیفالی» تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردوەتەوە.

**ڕەبەت:**

فەرهەنگیان، شەقامی کانی گوێز، پارکی بەهاران، دەوروبەری قوتابخانەی کچان، پارکی هەوارە بەرزە و دەوروبەری مزگەوتی شافعی، دەوروبەری قوتابخانەی «ابن سینا» ، لە گوندەکانی هەنداوێ، لیلانی و لەجادەکانی سیسێر و نستان تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەش بڵاو کراوەتەوە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان دوای بەڕێوەچوونی ئەم چالاکیانە لە ڕەبەت، ئەو شارە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بە تەواوی میلیتاریزە کراوە و هاتوچۆی هاووڵاتییان بە توندی خراوەتە ژێر چاوەدێرییەوە.

**کامیاران:**

«شارەکی بێعسەت، کۆڵانەکانی دەوروبەری دادگوستەری، کامیارانە کۆن، کۆڵانەکانی جادەی سنە، کۆڵانەکانی دەوروبەری مزگەوتی جامێعە و کۆڵانەکانی شەقامی سەلاحەدین ئەیوبی» تراکت و وێنەی تایبەت بە ٢٦ی خەرمانانیان بڵاو کراوەتەوە.

**پیرانشار:**

ئەندامان و لایەنگرنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان لە»مزگەوتی حەزرەتی ئیسماعیل، دەروبەری شەهرەکی مەنگوڕان، شیناوێ، شەقامی ٢٤ میتری، دەوروبەری بازاڕی سیگاران، کەمەربەندیی کۆنەخانێ، کەمەربەندیی شیناوێ، تێرمیناڵی گوند، فەلەکەی کەشاوەرز، پاداش، نوقتەی ئا، شەقامی مەنگوڕان و پیران تراکت و پووستێری تایبەت بەو ڕۆژە بڵاو کراوەتەوە.

## ڕێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان لەناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٧ خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٢٦ خەرمانان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان «ئەنوەر محەممەدزادە» ئەندامی ناوەندی ٣ی کوردستان پەیامی «ناوەندی ٣ی کوردستان»ی پێشکەش کرد.

محەممەد زادە لە قسەکانیدا وتی: «تیرۆرکرانی دکتور قاسملوو خەسارێکی گەورە بوو کە لە جەستەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوت. بەڵام لێهاتوویی دکتور شەرەفکەندی جێگای دکتور قاسملووی لە حیزبی دێموکراتدا پڕ کردەوە و گڕوتینێکی تازەی بە حیزب بەخشی».

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا ٥٠ تیرۆری لە دەرەوەی وڵات دژی ئۆپۆزیسیۆن و جیابیرانی خۆی ئەنجام داوە کە بەرچاوترینان ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی ئورووپادا بووە کە بڕیاری ئەو تیرۆرانە و یەک لەوان تیرۆری میکۆنوس، لەلایەن بەرپرسانی باڵای ڕێژیمە دەرکراوە».

دواتر پەخشانێک لەژێر ناوی «شەهیدبوونی مانگ و ڕۆژ» لەلایەن «خالید پاریاد»وە خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودی «شەهید» لەلایەن کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و گرووپی لاوانی ناوەندی ٣ی کوردستانەوە بە هاوکاریی بەشی پەروەردەی ئەو ناوەندە، پێشکەش بە ئامادەبوان کرا.

دوای پێشکەشکردنی ئەو سروودە، پەیامی کۆمیتەی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن «ژیلا موستەئجیر»وە خوێندرایەوە.

لەبڕگەی کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەشدا، سروودێکی شۆڕشگێڕی لەژێر ناوی «شەرەفکەندی» لەلایەن کۆڕی مووزیکی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.



## زۆرانبازێکی کورد مێداڵی بورۆنزی جیهانی بە دەست هێنا

وەرزشکارێکی کورد بە سەرکەوتن بەسەر وەرزشکارێکی خەڵکی قەزاقستان توانی پلەی سێهەم لە کێبڕکێی زۆرانبازیی فەرەنگیی جیهان لە وڵاتی ئامریکا (٢٠١٥) بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، یووسف قادریان لە کێشی ٨٠ کیلۆ لە ئێران لەگەڵ وەرزشکارێکی خەڵکی قەزاقستان بەرەوڕوو ببووە و لە ئەنجامدا توانی دوو بە سفر بەسەر زۆرانبازەکەی قەزاقستاندا سەرکەوێت و مێداڵی بورۆنزی ئەو کێبڕکێیە بەدەست بێنێت.

ئەو وەرزشوانە کوردە لەگەڵ ٢٧وەرزشوانی دیکە لە وڵاتانی جیهان لە کێشی ٨٠ کیلو چوونەتە سەر قەپان.

یووسف قادریان کە بە لاوترین وەرزشوانی ئێرانی بەشدار لەو کێبڕکێیانە دێتە ئەژمار بە بردنەوەی مێداڵی بورۆنز لە لاس وێگاسی ئامریکا، پلەی نۆیەمی لە ئاست جیهاندا مسۆگەر کرد.

قادریان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی ئێران وتی: چاوەڕوانی زۆرترم لە خۆم هەبوو، بەڵام کێبڕکێیەکە زۆر قورس بوو.

هەواڵدەریی ئیسنا لە زاری یووسف قادریان ڕایگەیاند: قورسایی ٨٠ کیلۆ ئۆلەمپیکی نیە و بۆ ساڵی دیکە دەچمە کێشێکی بانتر.

یوسف قادریان خەڵکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و چەند ساڵێکە لە شاری تاران نیشتەجێیە.

تیمی زۆرانبازیی فەرەنگی ئێران لە کۆتایی ڕۆژی دووهەمی کێبڕکێی زۆرانبازیی جیهان لە لاس وێگاسی وڵاتی ئامریکا بە بردنەوەی دوو میداڵی زیو و بورۆنز و بە دەستهێنانی ٢٣ خاڵ دوای وڵاتانی ڕوسیە، ئازەربایجان و ئۆکراین پلەی چوارەم لە جیهانی بۆ خۆی دەستەبەر کرد.

وڵاتی ئێران لە کێبڕکێکانی ساڵی رابردوو لە زۆرانبازی فەرەنگی بوو بە پاڵەوانی ئەو کێبڕکێیە و لە زۆرانبازی ئازادیشدا پلەی دووهەمی بۆ خۆی دەستبەر کرد.

## دوو چالاکی خوێندکاریی کورد لە تاران دەستبەسەر کران

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی، «سیامەک مەلامحەممەدی» و «مێهرەبان کشاوەرز» خوێندکارانی کورد لە تاران لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەرکراون.

ئاژانسی هەواڵدەریی «کوردپا» ڕایگەیاندووە کە «سیامەک مەلا محەممەدی» خەڵکی مەهاباد و «مێهربان کشاوەرز» خەڵکی مەریوانە.

هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دوای هێرش کردنەسەر خانووی ئەو دوو خوێندکارە و شکاندنی قفڵ و دەرگای ژوورەکانیان ئەو خوێندکارانەیان دەستبەسەر و دەستیان بەسەر کامپیوتێر و کەرستەی شەخسیی ئەم دوو کەسەدا گرتووە.

هەتا ئێستا لە هۆکاری دەستبەسەرکران و چارەنووسی ئەو دوو خوێندکارە کوردە هیچ زانیارییەک لە بەر دەستدا نییە.

ماوەیەکە شەپۆلێکی نوێی دەستبەسەرکران، بانگهێشت و سەرکوتی چالاکانی خوێندکاری و مەدەنی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستی پێ کردووە.

## گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر دوکاندارانی شاری بۆکان

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە درێژەی گوشاری دەزگا و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر هاووڵاتیانی کورد، ڕێژیم لەو شارە بڕیاری داوە کە هاووڵاتیان دەبێ بە زۆرە ملێ کامێرا لە دوکانەکانیان داببەستن.

ئەو بڕیارەی ڕێژیم نارەزایەتیی خەڵکی ئەو شارەی لێ کەوتووەتەوە.

بە وتەی هاووڵاتیانی شاری بۆکان، ئەو ناوەندە ئەمنیەتییانەی ڕێژیم بە دوکاندارانی ئەم شارەیان ڕاگەیاندووە کە دابەستنی ئەو دوربینە ئیجبارییە و ئەگەر ئەو کامێرانەیان لە دووکان نەبێت مۆڵەتی کارکردنیان پێنادەن و بۆیان نوێ ناکەنەوە.

کڕین و دابەستنی کامێرای چاودێری تێچوویەکی زۆر بۆ هاووڵاتیان هەڵدەگرێت و ئەوەش نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە.

هاووڵاتیانی شاری بۆکان لەو باوەڕەدان کە ڕێژیم لەو ڕێگایەوە دەیهەوێت هەڵسوکەوتی خەڵک بخاتە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵەوە.

## دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بە ناوی پێشمەرگەوە گوشاریان خستووەتە سەر هاووڵاتییان

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕێژیم تاقمێکی لە دەستوپێوەندییەکانی خۆی لە نێو شاری شنۆ بڵاو کردووەتەوە کە ئەو کەسانە چەکدار و خەڵکی شاری شنۆن.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو تاقمەی سەر بە ڕێژیم لە ژێر ناوی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەوانە دەچنە ئەو ماڵانەی کە بنەماڵەی پێشمەرگە و شەهیدن و داوای یارمەتیان لێ دەکەن.

سەرچاوەکە لە درێژەدا باسی لەوەش کردووە، ئەو تاقمە لە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم ناسنامەی حیزبیان پێیە و ئارم و وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان لە جلوبەرگەکانیان داوە.

ئەو کەسانەی سەر بە ڕێژیم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چوونەتە گوندەکانی «گرکاگوور»ی سەر بە دەشتەبێڵی شنۆ و لەوێ بینراون.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی ئەمنیەتی کردنی زیاتری کوردستان و ناوچەکە دەستی گرووپە چەکدارەکانی هاوپەیمانی خۆی ئاوەڵاتر کردووە و بەم شێوەیە بە ئاسانی ڕەوایی بە جووڵە نیزامییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا دەدات.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پاش جێگیربوونی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵێک هەوڵی جۆراوجۆر لەوانە دانانی پاسگای نوێ، نۆژەنکردنەوەی پاسگا کۆن و چۆڵ کراوەکان، بەرێ کردنی بەکرێگیراوان بۆ نێو خەڵک بە مەبەستی شناسایی لایەنگرانی حیزب و مینڕێژ کردنی دەورووبەری پادگانەکانی، گرتووەتە بەر و بەو شێوەیە دەیهەوێت وێڕای میلیتاریزەکردنی کوردستان، خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات ئامادە بکات.

## ئیتلاعات گوشاری خستووەتە سەر چالاکانی سیاسی و بنەماڵەکانیان

لە شارەکانی کوردستان مۆرەکانی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەوڵی چاوترسێن کردنی چالاکانی سیاسی و بنەماڵەکانیاندان.

بەپێی دوایین هەواڵەکان، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک چەند کەسێک بە ناوی جۆراوجۆرەوە پێوەندییان بە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردووە و لە هەوڵی ئەوەدابوون کە لە چالاکییەکانیان پاشگەزیان بکەنەوە.

یەکێک لەو مۆرانەی ئیتلاعات بە ناوی «س. کەریمی» بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدابووە کە بە هەڕەشە و چاوترسێن کردن، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئەرکەکانیان دڵسارد بکاتەوە.

لەو بارەیەوە ئەو مۆرەیەی ئیتلاعات هەڕەشەی ئەوەشی کردووە کە ئەگەر واز لە حیزب نەهێنن ئەوە بنەماڵەکانیان دەخەنە ژێر فشارەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا چەندین بنەماڵەی حیزبیش لە کوردستان پێوەندییان پێوە کراوە و داوایان لێکراوە کە کوڕەکانیان لە حیزبی دێموکرات بکشێنەوە.

کەسێکی نزیکی یەکێک لەو بنەماڵانەی کە هەڕەشەی لێ کراوە ئەوەی خستە ڕوو، ئێمە بە ناچاری هەتا ئێستا چەندین ژمارە تەلەفوونمان لە ترسی کورتەنامەکان گۆڕیوە، بەڵام مۆرەکانی ئیتلاعات وازمان لێ ناهێنن.

ئەو سەرچاوەیە ئاشکراشی کرد، ئیدارەی ئیتلاعات لە چەندین حاڵەتدا بە کورتەنامەش نەوەستاوە و ڕاستەوخۆ تەلەفوونی بۆ بنەماڵەکان کردووە.

ماوەیەك پێش ئێستاش لە شارەکانی سەقز و بۆکان چەند مۆرەیەکی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە ڕێگەی تێلێفۆن و کورتەنامە هەڕەشەیان لە بنەماڵەی چالاکانی سیاسی و ئەندامانی بنەماڵەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کردبوو کە بە تۆمەتی پێوەندی گرتن بە زیددی ئینقلابەوە بەرەوڕووی ئەسیدپاشی دەبنەوە.

## لەسەر بڕیاری ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری پیرانشار قوتابخانەکانی ئەو شارە کراونەتە بنکەی بەسیج و سپای پاسدارانی ڕێژیم

دوای ئەوەی کە «مووسا ڕەسوڵی» بووەتە بەرپرسی گشتیی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری پیرانشار، قوتابخانەکانی ئەو شارە بوونەتە مۆڵگەی بەسیج و سپای پاسدارانی ڕێژیم و لەقوتابخانەکانی ئەو شارە بۆ کاروباری نیزامی کەڵک وەردەگرن.

بەپێی دوایین هەواڵەکان، قوتابخانەی شەوانە ڕۆژیی «محمد رسول‌الله» بووەتە مۆڵگەی تایبەتی هێزەکانی بەسیج و سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران».

ئەو قوتابخانەیە وەک قوتابخانەکانی دیکە بە بیانووی ئەوەی کە «تەخریبییە» بە فەرمی دراوەتە دەست سپا و بەسیج و ڕێژیم کەڵکی نیزامی لێ وەردەگرێت»

ئەو بڕیارەی مووسا ڕەسوڵی، بەرپرسی گشتیی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم لە شاری پیرانشار نارەزایەتی و گومانی خەڵکی ئەو شارەی لێ کەوتووەتەوە کە بۆچی دراوەتە دەس سپا و بەسیجی ڕێژیم و بۆ قوتابخانە کەڵکی لێ وەرناگرنەوە.

کرانی قوتابخانەکان بە بنکە و مۆڵگەی هێزەکانی سپا و بەسیجی ڕێژیم لەحاڵێکدایە کە شاری پیرانشار سەر بە پارێزگای ورمێ قوتابخانەی زیاتری پێویستە و ئەمساڵ بەشێکی بەرچاو لە قوتابیان لەبەر نەبوونی قوتابخانە لەو شارە بێ‌جێگا ماونەتەوە و هەر پۆلێکی وانەوتنەوە لە ٤٠ قوتابیی زیاتر تێدا دەرس دەخوێنن.

هەر لەو پێوەندییەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی ئەو شارە لە خانووی کرێدا دەژین و ڕێژیم بە جێگای ئەوەی کە ئیمکاناتی ڕفاهی بۆ ئەو مامۆستایانە دابین بکات، قوتابخانەکانی ئەو شارە بە بیانووی تەخریبی دەداتە دەس هێزە نیزامییەکانی سپا و بەسیج.

دوای جێگیربوونی هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی کێلەشین و قەندیل ڕێژیم بە شێوەیەکی جیددی دەستی داوەتە میلیتاریزەکردنی شار و گوندەکانی کوردستان و کەش و هەوایەکی ئەمنییەتیی توندی بەسەر شارەکانی کوردستاندا زاڵ کردووە.

## مەحموود ساڵحی سزای ٩ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا

دادگای «ئینقلاب»ی شاری سنە مەحموود ساڵحی چالاکی کرێکاریی کوردی خەڵکی شاری سەقزی بە ٩ ساڵ زیندانی تەعزیری حوکم داوە.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ساڵحی بە تۆمەتی بەشداریی و ئەندامەتی لە دامەزراوەکانی نەیاری نیزام بە ٧ ساڵ و نیو، هەروەها بە تۆمەتی پڕوپاگەندە بە دژی حکوومەتی ئێران بە یەک ساڵ و نیو زیندانی مەحکووم کراوە.

ئەو حوکمە لەلایەن لقی یەکی دادگەی سنە بە دادوەریی سەعیدی بە مەحموود ساڵحی ڕاگەیەندراوە.

لەو بارەیەوە کۆمیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ بڵاوی کردووەتەوە، ئەو چالاکە کرێکارییە لە بوونی پارێزەر بێبەری بووە.

مەحموود ساڵحی ئەندامی کۆمیتەی هاودەنگی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان و وتەبێژی کۆمیتەی پشتیوانی لە ڕەزا شەهابی و بێهنام ئیبراهیم زادە بە بەردەوامی زەخت و فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی لەسەر بووە.

ئەو چالاکە کرێکارییە لە ساڵەکانی ١٣٦٧، ١٣٧٢ و ١٣٧٤ سەرجەم شەش ساڵ زیندانی کێشاوە و زۆر جاریش هەبووە کە بۆ ٥ مانگ و شەش مانگ لە گرتووخانەکاندا بێ ئەوەی چارەنووسی دیار بێت ڕاگیراوە.

مەحموود ساڵحی ماوەیەک لەمەوبەریش خرایە زیندانەوە و بەو هۆیەوە تووشی نەخۆشی گورچیلە هات و هەتا ئیستاش ئەو نەخۆشییەی چارەسەر نەکراوە.

## چالاکێکی کرێکاریی لە زیندانەدا کۆچی دوایی کرد

یەکێک لە چالاکانی کرێکاری لە ئێران، لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج بە هۆی سەکتەی مێشکەوە گیانی لە دەست دا.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی خەرمانان، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی شارۆخ زەمانی لە گرتووخانەی ڕەجایی شاری کەرەج گیانی لە دەست دا. ئەو هاووڵاتییە ماوەی ٥ساڵ لە زینداندا بوو.

کۆمیتەی پشتیوانی لە شارۆخ زەمانی مەرگی ناوبراوی بە «گوماناوی» ناو بردووە و بڵاوی کردووەتەوە، لە کاتی پشکنینی تەرمی زەمانیدا جەستەی پەڵەی خوێنی پێوە بووە و تەنانەت کەلەی سەریشی ئەستوور ببوو.

شاروخ زەمانی تەمەن ٥١ساڵ لە کاتی «هەواخۆری»دا لە نێو حەوشەی زیندان نەبینراوە و پاشان وا بڵاو بووەتەوە کە ناوبراو گیانی لەدەست داوە.

بێهداریی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج، هۆکاری گیان لە دەستدانی شارۆخ زەمانیی گەڕاندووەتەوە بۆ سەکتەی مێشک.

کۆمیتەی پشتیوانی لە شارۆخ زەمانی داوای توێکاریی بۆ جەستەی تەرمەکە کردووە و ئاشکراشی کردووە، شارۆخ هیچ نەخۆشییەکی نەبووە و لەباری جەستەییەوە تەندروست بووە.

شارۆخ زەمانی چەند جارێک بە تاوانی ئەنجامدانی چالاکی لە ڕێکخراوە پیشەییەکان دەستبەسەر و دوایین جار لەجۆزەردانی ١٣٩٠ی هەتاوی بە ١١ساڵ زیندان حوکم درا.

لەمانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە بەیاننامەیەکدا داوای ئازادکردنی شارۆخی کردبوو.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر لە مەهەباد کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی، «عەبدوڵڵا ڕەسوڵ‌پوور»، کەسایەتیی نیشتمانپەروەری شاری «مەهەباد» لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ناوبراو کەسێکی خۆشناو و جێگای ڕێز و متمانەی خەڵکی شار و ناوچەکە بوو.

وەستا عەبدوڵڵا لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەکات.

ناوبراو لەدەورانی پێشمەرگایەتیدا کاری فیلم هەڵگری و ڕێپۆرتاژ دەکات و لەو ماوەیەدا چەندین فیلم و ڕاپۆرت تۆمار دەکات.

کاک عەبدوڵڵا ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لەسەر ئیزنی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ شاری مەهاباد و تا کۆتایی تەمەنی وەفادار بەو ڕێبازە مایەوە.

تەرمی ئەم کەسایەتییە نیشتمان‌پەروەرە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانان لە گۆڕستانی ئەو شارە لەنێو ئاپۆرای خەڵکدا بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری ئەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

## کۆچی دوایی کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر لە پیرانشار

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی، شێخ «محەممەد ڕەسووڵ‌زادە»، کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و خۆشناوی خەڵکی گوندی «توان»ێ سەر بە شاری پیرانشار، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک محەممەد لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەبێتە پێشمەرگەی کۆمار و دوای ڕووخانی کۆماریش هەتا دواساتەکانی ژیانی بەو ڕێبازە وەفادار مایەوە.

ناوبراو لەشۆڕشی ئەیلوولیشدا بەشداریی کردبوو.

کاک محەممەد کەسێکی خۆشناو و جێگای ڕێز و متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو.

تەرمی ئەم کەسایەتییە نیشتمان‌پەروەرە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری ئەو کەسایەتییە خۆشناو و نیشتمانپەروەرە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.



# دەقی وتەکانی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ٢٣هەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری میکۆنووس

خوشك و برایانی خۆشەویست
هاوڕێیانی تێکۆشەر

خەباتی نەتەوەی کورد مەودایەکی زۆر و ماوەیەکـی درێژی تێپـەڕ کردووە. ئەو نەتەوەیە خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە و قوربانییەکی زۆری داوە. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەشی حیزبی ئێمە لەو ماوەیە، لەو مەودایە، لەو خوێن لەبەرڕۆیشـتنە و لەو قوربانیدانەدا پشکێکی زۆر بەرچاوە، قوربانییەکی زۆرمان داوە، قوربانیی زۆر گەورەمان داوە. هەموو شـەهیدانی ئێمە قوربانیانی ڕێگای ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوەکەمانن، بەڵام لەسـەرووی هەموو شەهیدەکانمانەوە پێشەوا قازی محەممەد، دوکتـور قاسـملوو و دوکتور سـادقی شەرەفکەندین. یەکەمیان بەدەست ڕێژیمی پاشـایەتی، دوکتور قاسـملو و دوکتور سادقی شەرەفکەندی بەدەست تیرۆریزمی دەوڵەتیی جمهوری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندراوە. بۆیە ئێمە لەمڕۆدا، لە ١٧ی سێپتامبری ئەوساڵدا، لە ٢٦ی خەرمانانی ئەوساڵدا، لە ٢٣ هەمین ساڵرۆژی تیرۆر کردنـی دوکتور سـادقدا، کۆبووینەوە تا یادی دوکتور سادقی شەرەفکەندی بەخێر بکەینـەوە. ڕێز لە خەبات و تێکۆشـان و فیداکارییەکانی بگریـن. ئەوان بە گیان لەدەسـتدانیان فیداکارییان لـە بەرزترین ئاسـتی خۆیدا پێشـکەش کرد، ئێمەش پێویسـتە لەگەڵ ڕێبازەکەیان وەفاداری نـوێ بکەینـەوە و ئامۆژگارییەکانیان وەبیر بێنینەوە و پێیان لەسـەر دابگرینەوە. دوکتور سـادقی شەرەفکەندی بۆ کورد و بزووتنەوەی کـورد و بۆ حیزبی ئێمە کێ بوو؟، ناسـاندنی سـکرتێری پێشووتری حیزبەکەمان بۆ تێکۆشەرانی حیزبەکەمان ڕەنگە شتێکی زۆر سـاکار بێ، چونکە هەمـوو ئێـوە وەك من و زیاتـر لە من، لەگەڵ ناوی «دوکتور سـەعید» وەکوو نازناوی دوکتور سـادقی شـەرەفکەندی و لەگەڵ تێکۆشـان و چالاکی و هەموو تایبەتمەندییەکانی ئاشـنان. ئەو سـاڵی ١٣١٦ لـە ئاوایی تەرەغە لـە ناوچەی بۆکان لەدایك بوو، خوێندنی سـەرەتایی لـە بۆکان و مهاباد تـەواو کرد، دەورانی دەبیرسـتانی تا ساڵی ئاخر هەر لە مهاباد و سـاڵی ئاخری لە تەورێز تەواو کرد، بۆ درێژەدان بە خوێندن، ڕێگای دانشسەرای عالی کەوتە بەر و لەوێ لە ساڵی ١٣٣٨دا لیسانسی شیمی وەرگرت. لەو ساڵەوە بۆ ماوەی ١٠ سـاڵ تا ساڵی ١٣٤٧ ئەرکی مامۆسـتایەتی لە شـارەکانی مهاباد و ورمێ وەئەسـتۆ گرت. لە هەموو ماوەی خوێندنیدا یا یەکەم بووە یا لە دەگمەنەکان بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زیرەکی و هۆشە تەواوەی و ئەو وشیارییە سروشتییەی کە هەیبوو و ئەو هەستە نەتەوایەتییەی کە لە بنەماڵەی خـۆی و بەتایبەتی لە ژێر ڕێنوێنی براگەورەکەی مامۆستا هەژاری شاعیردا پێی گەیشتبوو. هەموو ئەو ١٠ سـاڵەش کە لە شارەکانی مهاباد و ورمێ مامۆسـتا بوو دەورێکـی بەرچاوی نەك تەنیا وەکوو کاری مامۆسـتایی، بەڵکوو لە بـواری زۆر بەرزتـردا گێڕا و خۆی نیشـان دا، لەگەڵ پۆلێك لە هاوبیرانی و هاوکارانی شەرایتێکیان پێك هێنا، هەوڵێکی زۆریان دا کە لە کوردسـتاندا ڕێژەیەکی زۆرتـر قوتابی پێ بگەیەنـن، دەرگای دانیشـگاکانیان بەرەوڕوو بکەنەوە و کورد لەناوەندە فەرهەنگی و دانیشـگاییەکاندا بە ڕێژەیەکی زیاتـر بەرچاو بکەون، هەر ئەوەش وای کرد کە سـاواك هەم خۆی و هەم هاوبیر و هاوکارەکانی دوور خستەوە. دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە ئەوکات بە دەرەجەی مومتاز دەرچووی دانیشسەرای عالی بوو، بۆرسـی بۆ دەرچووبوو، بەڵام ڕێگای پێ نەدرابوو کەڵکی لێ وەربگرێ. کەسێکی دیکە کە لە جێگای ئەو چووبوو، کە گەڕابۆوە و ئوسـتاد و سەرپەرسـتی دانیشسـەرای عالی بوو، هەمیشە خۆی بە شـەرمەزاری دوکتور سـادق دەزانی، هەموو هەوڵی ئـەوە بوو کە ئەو زوڵمەی لێی کراوە و ئەو حەقەی لێی پێشێل کراوە بۆی بگێڕێتەوە ئەوە بوو بۆرسـیان پێدا و لە ساڵی ١٣٥١ چوو بۆ فەرانسە و لەوێ لە دانیشـگای پاریس لە ڕشتەی شیمی تەجزیـەدا دوکتورای وەرگرت و سـاڵی ١٣٥٥ گەڕاوە بۆ کوردستان.

لەو ماوەیەدا کە لە فەڕانسـە بوو، لە ساڵی١٣٥٢دا لە گەڵ دوکتور قاسملوو و لە گـەڵ بەرنامـەی سیاسـی حیزبی دیمۆکراتی کوردسـتانی ئێران و پێڕەوی نێوخـۆی ئەو حیزبە ئاشنا بـوو، هەم بەرنامە سیاسـییەکەی لا پەسەند بوو کە بووە هۆی ئـەوەی داوای ئەندامەتی لە حێزب بکا و هەم ئاشـنایەتیکی زۆری لە گـەڵ دوکتر قاسـملوو پەیـدا کردبوو و لەگەڵ بیر و باوەڕی نوێی ئاشـنا بوو و دەیزانـی کە ئەگەر ئـەو بەرنامە کەم و کووڕیەکـی هەبێت، لە دوا ڕۆژدا لە ژێر تیشـکی بیر و باوەڕی دوکتور قاسملوودا پەرەگرتوویی و کرانەوەی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت، هەروەها بەتایبەتی لە داڕشـتنی سیاسـەتی حیزب و لە دیـاری کردنی دروشـمەکان و بەتایبەتـی ئامانجـی دواڕۆژی حێزبـدا، هەر ئـەوەش بوو کە یاوەریکی باشی یارەکەی و مامۆستاکەی، دوکتور قاسـملوو بوو. بە نیسبەت حیزبی دێموکراتیشەوە لە ساڵی ٥٨دا کە لە تاران تێکۆشـانی هەبـوو، داوای لێکـرا کە بگەڕیتەوە کوردستان، گڕایەوە کوردستان و دەسـتی لـە هەمـوو ئیمتیـازات و ئیمکاناتـی ژیان و کارە دانشـگایەکەی هەڵگرت. سـاڵی ١٣٥٨ کە گەڕایەوە بۆ کوردسـتان وەك موشـاوێری کومیتەی ناوەندی دیاری کـرا، لە کۆنگرەی ٤ و لە هەڵبژاردندا بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە پاییزی ئەوساڵیشـدا بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسـی، دواتریش لە سـاڵی ١٣٦٥دا وەك جێگری سکرتێری حیزب هەڵبژێـردرا، چ ئەو کاتی کە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بوو و چ ئەو کاتەی وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەرکی بەڕێوە دەبرد لە داڕشـتن و بەڕێوەبردنی حیزبدا نەقشـی زۆر بەرچـاوی دەگێڕا و لـە ئەندامانی هەرە بەرچاوی دەفتەری سیاسی بوو، کە جێگری سـکێرتیری کشتی بوو لە واقعدا کۆپی سیاسـەتەکان و باوەڕەکانی دوکتور قاسـملوو بوو، یاوەرێکی باش بوو بۆی، یارێکی باش بوو بۆی لە چەسپاندنی ئەو بیـر و بـاوەڕە پێشـکەوتنخوازانەی کە دوکتـور قاسـملوو هەیبـوو و ئەویـش باوەرمەنـد بـوو پێیان. دوکتور سـادقی شـەرەفکەندی پـاش ئەوەیکـە دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا، لە ساڵی ١٣٦٨دا، بە سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژێردرا. ئەو لەگـەڵ ئەوەیکە تەم و خەمی لەدەسـت چوونی دوکتور قاسـملوو بە سـەر بیر و هۆشیدا، بە سەر دڵ و دەروونیدا زاڵ بوو، بەڵام لێهاتوییەکـەی، مودیرییەتەکەی، دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییەکەی زاڵ بوو بە سـەر ئەو هەموو ماتەمانەدا، بۆیە بە مودیرییەتی خۆی لە پەنای مودیرییەتی جەمعی حیـزب، کارێکی کـرد کە بێ قاسـملوویی بـەو جۆرە کـە جمهوری ئیسلامی دەیویست بە حیزبەوە دیار نەبێت. ئـەو لە حیزبدا لە زۆر لـە ئۆرگانەکاندا بەرپرس بوو، ئینسانیکی بەنەزم بوو، بۆیە وەختـێ بەرپرسـایەتی کاری حیـزب و تەشـکیلاتی حیزبـی لە ئەسـتۆ بوو، تەشـکیلاتێکی بەنەزمـی پێکهێنا و بە مونەزەمـی تەحویلی دا، بەرپرسـایەتی ڕاگەیاندنی حێزبی هەبوو، لە ڕاگەیاندنی حیزبـدا دەورێکی تازە لـە کار و هێندێك داهێنانی لە شێوەی ڕاگەیاندندا لە خۆی نیشـاندا، جنێو و قسـەی سـووکی لە ئەدبیاتی حیزبی دەرهاویشـت، لە قسە و لە گوتنـی‌دا لە جێگای ئەوانە دەلیل و مەدرەك و ئیسـباتی باو کرد، ئەدەبیاتێك کە ئـەورۆ لە ڕاگەیاندنـی حیزبدا باوە ئەدەبیاتێکـە کە لە دوکتور قاسـملووەوە سـەرچاوەی گرت و لە ویەوە تەشەنەی کرد و ئـەورۆ لە حیزبی ئێمەدا بەرچاوە. لە زمانی ڕاگەیاندنـدا لە گەڵ ئەوەی دوکتور سـادقی شەرەفکەندی کەسێکی ئاکادمیك و دانشـگاهی بـوو، بەڵام لە نووسـیندا، لە وتندا سادەنووس و سادەبێژ بوو بۆ ئەوەی دەیزانی ئەوەی دەینووسـێ و ئەوەی دەیڵێ بۆ کەسـانێکن کە دەبێت تێبگەن و ئێسـتاش ئەگەر نووسراوەکانی دەخوێنینـەوە هەمووی لەو چوارچێوەدا و بۆ ئەو مەبەسـتە بەکارهاتـووە. دەوری دوکتور سـادقی شەرەفکەندی بە گشتی لـە دوای نەمـان و تیـرۆری دوکتور قاسـملوودا ئەوەنـدە بەرچـاو بـوو کە جمهوری ئیسـلامی تێگەیـی پیلانی لەبەیـن بردنـی دوکتـور قاسـملوو بە مەبەستی لەبەین بردنی حیزبی دێموکرات یـان کز کردنی ئـەو حیزبە بـە بوونی دوکتور سـەعید و ڕێبەرایەتی جەمعی لە حیزبـدا بە ئاکام نەگەیشـتووە، بۆیە پیلانـی تیـرۆری دوکتـور سـادقی شەرەفکەندیشی داڕشت. ئەگەر ڕێبەرانی ئێمـە چ دوکتور قاسـملوو، چ دوکتور شـەرەفکەندی لـە باوەشـی کادر و پێشـمەرگەی خۆیانـدا، لـە ئامێزی هاوڕێیانی خۆیاندا بوونایە قەت جمهوری ئیسلامی زەفەری پێ نەدەبردن. بەداخەوە لـە وڵاتانـی دێموکراتیـك و لەژێـر چاوەدێریـی دەزگای ئەمنیەتـی و پاراستنی ئەو وڵاتانەدا زەفەریان پێ بردن و لەبەینیـان بـردن. دوکتـور سـادقی شـەرەفکەندی کـە بـۆ بەشـداری لە کۆنگرەی ئەنترناسـیونال سوسیالست کە لە بێرلین بەڕیوەدەچوو، لە گەڵ هەیئەتێك پێکهاتوو لـە کاك فەتاحـی عەبدولی هاوڕێی خۆشەویسـت و تێکۆشەرمان و ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسـی دەرەوەی وڵات و کاك هومایونی ئەردەڵان کادری بەوەجـی حیزبەکەمـان و کاك حوسەینی ئەحمەدی ناسـراو بە نووری دێهکوردی بەشـدار بـوو، بەداخەوە بە مەودایەکی کـەم دوای ئەو کۆبوونەوەیە تیرۆر کران و گیانیان لێ ئەسـتاندن. بە دوای ئەو تیرۆرەدا بەشـێك لە کەسایەتی و حیزبە سیاسـییەکانی ئاڵمان و ڕەنگە هی وڵاتی دیکـەش گومانیان نەبوو کە ئەو تیرۆرە جمهوری ئیسـلامی لە پشتە، بەڵام بۆ دەزگای قەزایـی ئاڵمان تەنیا بۆچـوون و تەنیا باوەڕ کافی نەبوو دەبوو لێکۆڵینەوە بکرێت شاهید هەبێت، بەڵگەی سـەلمێنەر هەبێت تا حوکمـی نەهایی بدات، کە دەڵێم بەشـێك لە سیاسییەکان هـەر لە هەوەڵەوە باوەڕیـان ئەوە بوو، بۆ نموونـە لـەو ڕۆژەدا کـە جەنـازەی شـەهیدەکانمان کاك دوکتور سادق و کاك فەتـاح و کاك هومایون لە فروودگاوە بۆ پاریـس بەڕی دەکرێـن نوێنەری حیزبی سوسـیال دێموکراتی ئاڵمان لەوێ قسـە دەکات لـە بەڕێ‌کردنیاندا، دەڵێت: «ئەو تیرۆرانە جمهوری ئیسـلامیی لە پشتە و ئێمـە هەموو حەولی خۆمـان دەدەین کە عەداڵـەت بەڕێوە بچێت» و لە کۆتاییدا دەڵێـت: «ئەمـن وەك بێڕلینیەك و وەك ئەندامی حیزبی سوسـیال دێموکرات کە میواناداری ئێترناسـیونال سوسیالستە شەرم دەکەم کە ئەو میوانە بەڕێزانەمان بە زیندوویی پێشـوازی کرد و بە کوژراوی بەڕێیاندەکەیـن»، بەڵام وك گوتم لایەنی سیاسـی نەزەر دەدات و لەگەڵ دەزگای قەزایی فەرقی هەیـە، دەزگای قەزایی ئاڵمـان لە گـەڵ ئەوەیکـە قازییەکان هەڕەشـە و تەمـاح وەبەرنانی جمهوریی ئیسـلامییان لە سەر بوو، بەڵام تەسلیمی هیچیـەك لەوانە نەبوون و سـەربەخۆیی خۆیانیان پاراسـت و لـە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ دا، حوکمـی نەهایی خۆیان پاش ٢٥٠ دانیشـتن، پاش قسەکردن لە گەڵ ١٧٠ شـاهید و لێکۆڵینەوە لـە ئەفراد ڕایانگەیاند کە دەسـەڵاتدارانی جمهوری ئیسـلامی لە ئاسـتی هەرە سـەرەوەدا گەڵاڵەداڕێـژی ئـەم تیـرۆرەن و بەڕێوەبەرانیشـی ناسـران و سـزایان بۆ دیاری کرا، ئێستە سزاکەیان پڕ بە پێستی جەنایەتەکەیان بـوو یان کەمتر بوو، ئێمە دەزگای قەزایی ئاڵمان موقایەسە دەکەین لە گـەڵ دەزگای قەزایـی ئۆتریش و پێموایە دەبێت بڕوامان ئەوە بێت کە کارێك کـە دەزگای قەزایی ئاڵمـان کردی ئەو سـەربەخۆییەی لـە خۆی نیشـانی‌دا، تەتمیع و تەهدید تەئسـیری لێ نەکردن، ئەگەر دەزگای قەزایی ئۆتریش بیکردبا و ئـەو تەعەهـۆدەی دوای داداگای میکۆنـوس و حوکمـە نەهاییەکەی لە جمهـوری ئیسـلامی وەرگیـرا کە لە وڵاتانی ئەروپایی تیـرۆر نەکا، ئۆتریش ئـەو کارەی کردبا و ئـەو تەعەهۆدەی وەرگرتبـا، ئێمە بینـەری تیرۆری کاك دوکتور سـادقی شـەرفکەندی و کاك فەتـاح و کاك هومایـون و زۆر ئێرانیی دیکە نەدەبوین. ئێمە لەو پێوەندییەدا و لە هەموو موناسـیبەتەکانی پەیوەندیدار بە تیرۆرکـران و شـەهادەتی کاك دوکتور سادق، کاك فەتاح و کاك هومایوندا سڵاو دەنێریـن بـۆ ئـەو قازییانـە و بۆ ئەو دەزگایەی کە توانی ئەو پەروەندەیەی کە لـە ڕاسـتی‌دا موقابیلـەی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و میللەتێکی زۆرلێکراو بوو بە ئاکام بگەیەنـن و حەقیان بە حەقدار دا، ئـەو بڕیـارە شـەهیدەکانی بـۆ ئێمە نەگێڕایەوە بەڵام تەسـکینی خستە سەر دڵی زۆر کەس، ئێسـتاس هەن لایەنی وا کـە لـە عەداڵـەت دەدوێـن، بـەڵام ئەرجەحییـەت دەدەن بـە هێندیـك مۆلاحەزاتـی سیاسـی و بازرگانی و ڕەوابتی دیپلۆماسی. لە تایبەتمەندییەکانی حیزبی قاسملوو و شـەرەفکەندی ئەوەیە کە زام هەڵدەگرێ، خوێن دەدا و قوربانی دەدا، بـەڵام بـە چۆکدا نایـە و ئەرکی درێژەدانە بە خەبـات و خۆڕاگری. ئەو خەباتـەی کـە دوای شـەهید بوونی ڕێبەرەکانمان، دوای شەهید بوونی سەدان و هـەزاران فیـداکاری حیزبەکەمـان و نەتەوەکەمان لە شـێوەی جۆراوجۆردا هەر درێـژەی هەیە. کـە دەڵێم لە شـێوەی جۆراوجۆردا، زۆرجار دەوترێ دەور دەوری خەباتی مەدەنییە، شـتێك کـە ئێمەش باوەڕمان پێیەتـی، بریا لە وڵاتی ئێمەدا دەسـەڵاتێك لەسـەرکار با کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی هەبا، ئاخر کورد عاشقی قۆنداغـی ڕەقـی تفەنـگ و لولەی گەرمی تفەنگ نییە، حەزی لە کوشتنی کەس و بە کوشـتدانی خۆی نییە، بەڵام لـە پێنـاو حەقـی خۆیـدا لـە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیدا لە هەموو شـێوە خەباتێکی ڕەوا کەڵك وەردەگرێ. جمهوری ئیسـلامی ڕژیمك نییە کە بە قسـە و بە قەڵەم بڕوخێت یـان کز بێت، دەبێت لە پەنای تەئسـیرگوزاری قسە و قەڵەمـدا هەنـگاوی دیکـە هەبێت کە جمهوری ئیسلامی ناچار بە هێندیك شت بکات و قەبووڵی هێندیك مەسەلە بکات، من لێرەدا نموونە دێنمـەوە کە جمهوری ئیسـلامی تەنیا زمانیك دەزانێت ئەویش ئەوەیە کە خۆی قسـەی پـێ دەکات، ئەویش زمانی زۆرە. لە شـەڕی ئێران و عێراقـدا تا ئەو کاتەی دەسـتی باڵای هەبوو تا ئەو کاتەی ئێمکاناتی شـەڕی هەبوو تا ئەو کاتەی لاوەکانی ئێرانی پۆل پـۆل وەسـەر مەیدانی مین دەخست و دەرەتانی درێژەدانی شەڕ هەبوو دروشمی گەیەشتن بە قودس لە ڕێگای کەربەلای دەدا، بەڵام ڕۆژێك کە فەشـاری شەڕ هاتەسەر، ئیمکاناتی لێبڕا، شکەستی لە بەردرگای خۆی دی، خومینی مەجبوور بوو جامە ژەهرەکە بنۆشـێت. لە جەریانی دادگای میکۆنـوس‌دا تا ئەو کاتەی ئەو حوکمـە دەرنەچووبـوو و ئـەو بەرهەڵسـتکارییەی بەرانبەر تیرۆریسمی جمهوری ئیسـلامی لـە ئەورووپاییەکان نەدیترابوو، لە هەموو وڵاتە ئوروپاییەکان تیرۆریسـمی دەوڵەتـی مەیدانێکـی بەرفراوانـی هەبوو، بـەڵام وەختێك ئەو حوکمە درا، وەختێـك ئەو بێ‌ئابڕووییەی بە دنیـا ئیعلام کـرا، وەختـێ مۆری تیرۆریسـتی لە لایـەن دادگایەکی بە ئێعتباری ئەورووپاییـەوە بە نێوچاوانییەوە نرا، دیتمـان دوای ئەودەمـی دەزگای تیرۆریسم و ماشـینی تیرۆری کۆماری ئیسـلامی لە ئەورووپا وەسـتا. هەر لەم دوایانەدا لە مەسەلەی ئەتۆمی‌دا تا ئەو کاتەی هەر قسە بوو، هەر باس بوو، هەر دڵ‌دانەوەی کۆماری ئیسلامی بوو، هەر هەوڵی ڕاگرتن بوو، بەرانبەر بە هیچکەس جەوابگـو نەبـوو، هـەر بڕیارێکیش لە پێوەندی لەگەڵ مەسـەلە ئەتۆمییەکەی درابا، بە لەتکە قاغەزی ناو دەبرد، بەڵام کـە هەڵوێسـتی جیـدی گیـرا، کە گەمـارۆکان توند کـران، زیـاد کران، شوێندانەر کران، ئەوکات هاتە سەر مێزی وتووێـژ و ئەوەی قەبـووڵ کرد کە قەت پێی‌وانەبوو ڕۆژێك قەبووڵی دەکا، کەوابوو جمهوری ئیسـلامی ڕێژیمێـك نییە کە تەنیا بە یەك شـێوە خەبات و بە گوتن و بە نووسین چۆك دابدات، دەبێت شێوەکانی جۆراوجۆری خەبات لە پەنای یەکتر بێت بۆ تەکمیلی شـوێندانەری لە دژی ئەو ڕێژیمـە بەڕیـوە بچێت. ئێمـە وەکوو ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدەکانمان سوور و پێداگریـن لە سـەر ئـەو خەباتەی کە دسـتمان پێکردووە تەنانەت هەموو لایەك دڵنیـا دەکەینـەوە کە چـۆن ڕێبەرمان قاسملوو بەرانبەر بە پێشەوا وەفادار مایەوە و شەرفکەندی لە ڕێوڕەسمی سەمبۆلیکی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا گوتی: یان سـەردەکەوین یا سـەردادەنێین، ئەو بەڵێنەی ئێمـەش بەرانبەر بەوان هەروایە، بەرینتـر کردنـەوەی خەبـات لـە ئامۆژگارییەکانـی دوکتـور سـادقی شەرەفکەندییە، بانگهێشتی لاوان، چ کوڕ چ کچ بە بەشداری لە خەباتدا بۆ ئەوەی کـە خەباتەکـە بەرین بێتـەوە، هەرچی خەبات بەرینتر بێتەوە مەودای سەرکەوتن کورتتـر دەبێتەوە، بۆیـە حیزبی ئێمە لە هەمووی ئـەو مەجالانەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە کار بـکات بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە بۆ ڕەسالەتێك کە مێژوو پێی ئەسپاردووە تێ‌بکۆشێ، خەباتی خۆمان، ژیانی شۆڕشگێڕانەی خۆمان بە هێندێك زەواهێـری دنیایی لەم وڵات و لەو وڵات نەگۆڕینەوە. جێگای ئێمە ئێرەیە، خاکی خۆمان، خەڵکی خۆمان و خەباتی خۆمان بۆ کەس بەجێ‌ناهێڵیـن. ئەگەر ئێمە لە خاکی خۆمـان، لە خەڵکی خۆمان دیفاع نەکەین، شانمان لە ژێر باری مەسئولییەت خاڵی بکەین، کێ ئەو مەسـئولییەتە بە ئەسـتۆ دەگرێت؟ ئێمە لـەو کۆڕەدا لەو کـۆڕە یادکردنەوەیەی دوکتور سـادقی شـەرفکەندی‌دا و لـە هەمـوو مۆناسـبەتەکانی لـەو جـۆرەدا وێڕای یادکردنەوە لە شەهیدان، وێڕای دەربڕینی وەفاداری بە ڕێبازەکەیان، جارێکی دیکە و هـەزار جـاری دیکـە تیرۆریسـمی جمهوری ئیسلامی مەحکووم دەکەین، دڵنیاین ئـەو ڕێژیمە لە هێندیك بڕگەی زەمانی‌دا سـاخت و سەودا دەکات، بەڵام بـە هیچ‌جۆر لـە ماهییەتـی خۆی‌دا ئاڵوگۆڕ پێك‌ناهێنی نە بە قازانجی دابین بوونی دێموکراسی لە ئێران نە بە قازانجی دابینبوونـی مافـی نەتەوەکانی ئێران و یەك لەوان مافـی نەتەوەی کورد. یادی دوکتور سـادقی شـەرەفکەندی بەخێر، ڕۆحی شـاد بێت، یـادی کاك فەتاحی عەبدولی هاوڕێی تێکۆشەری کومیتەی ناوەندیمان، کاك هومایونی ئەردەڵان، کاك نـووری دێهکۆردی بەخێر، هیوادارم دڵی هەمووومان، بیری هەمووومان بۆ هەمیشە جێگای ئەو ڕێبەرانە بێت و کردەوەمان لە خزمەت پتەوتر کردنـی ڕێباز و خەباتی ئەو ڕێبەرانەماندا بێت. سـەرکەوتوو بێت بزووتنـەوەی کـورد لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات، سـەرکەوتوو بێـت خەباتی حیزبی خۆشەویسـتی نەتەوەی کورد لە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات، حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێـران. ئێوەش هاوڕێیانـی ڕێبەرانـی شـەهیدمان، خەباتگێڕانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات، هەردەم سەلامەت و سەرکەوتوو بن و ڕۆژگارێکی خۆش و بە بـێ دووپـات بوونـەوەی ئـەو جورە کارەساتانەتان هەبێ. سپاستان دەکەم



# دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن، ئەمجارەش بێ زمانی دایکیی

ن: شەماڵ تەرغیبی

جارێکی تر مانگی ڕەزبەر هاتەوە و کرانەوەی قوتابخانەکان مزگێنی ساڵێکی نوێی خوێندن دەدەن بە منداڵان. بەڵام ئەم ڕۆژە تەنیا بۆ بەشێك لە قوتابیان سەرنج ڕاکێشە.

بەپێچەوانەی کەتوارەکانی کۆمەڵگای ئێران کە بریتییە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی فرەزمان، یاسا و بەڕێوەبەرانی حکوومەت پێداگرن لەسەر ئەو ئیدئۆلۆژییە شکست خواردووەی کە ئێران تەنیا یەك نەتەوەی تێدا نیشتەجێیە و هەموان بە یەك زمان واتە فارسی قسە دەکەن و ئەگەر جیاوازییەکیش لە دەربڕینەکاندا هەبێت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ زاراوە و بن زاراوەی ناوچەکان. هەر بە پێڕەوی لەم یاسایەش زمانی فێرکاری و بارهێنان و پەروەردەش بریتی دەبێت لە یەك زمان کە هەمان زمانی فارسییە کە وەك ئاماژەی بۆ کرا ئەمە بۆچونێکی چەوتی ئامانجدارە لەمەڕ پیادەکردنی سیاسەتی یەك دەوڵەت، یەك نەتەوە کە هەر لە سەردەمی ڕەزاخانی میرپێنجەوە هاتۆتە بەرباس.

باسێکی پوخت لەسەر پرۆسەی خوێندن لە ئێراندا

زۆر جار باس لە کێشە و گیر و گرفتەکانی پێوەندیدار بە پرسی خوێندن لە ئێراندا کراوە. هەر لە کەمی ئیمکانات و پێداویستییەکانی خوێندنەوە بگرە تا دەگاتە بەڕێوەبەری هەڵە و سیاسەتدارێژی ئامانجداری بەرپرسانی وەزارەتی بەناو فێرکردن و خویندنی باڵا. بۆ وێنە چاوخشاندنێك بەسەر ئامارە حکوومەتییەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕێژەی دەسپێڕاگەیشتن بە ئیمکاناتی خویندن لەو هەرێم و ناوچانەی کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا نیشتەجێیە بەبەراورد لەگەڵ ناوەندی ئێران کە ئاخاوتنی دانیشتوانەکەی بریتییە لە فارسی زۆر کەمترە. بۆ ئاشکرابوونی زیاتری لایەنە شاراوەکانی ئەم پرسە هێما بۆ دوو خاڵی گرینگ دەکەین:

یەکەم: لە سەرژمێرییەکانی ساڵی ٨٥دا دەرکەوت کە نرخی خوێندەواری لە زۆربەی پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران لەوانە تاران، ئیسفەهان، سمنان و یەزد بریتییە لە ٩٠٪ بەڵام لە پارێزگای سیستان ئەم نرخە ٦٨٪ و لە پارێزگای سنەش ئەم نرخە بریتییە لە ٧٥٪. ئەم نرخە بە لەبەرچاوگرتنی دورەدەس بوونی شوێنی نیشتەجێ بوونی قوتابیەکانیش دیسان دەگۆڕدرێ، بۆوێنە ئەگەری دەسپێڕاگەیشتنی کچێکی گوندنشین لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان بە پەروەردەی باڵا بەبەراورد لەگەڵ کچێکی نیشتەجێی تاران هەشت قات کەمترە.

دوهەم: بەپێی دوایین لێکۆڵینەوە فەرمییەکانی وەزارەتی بارهێنان و ڕاهێنان لە نێوان ٢٠ قوتابی ئێرانیدا یەك کەسیان لە تاقیکارییەکاندا ڕەت دەبنەوە و بەم پێیەش ڕێژەی ڕەدبووانی قۆناغی سەرەتایی لە ئێراندا بریتییە لە ٧١٠ هەزار کەس کە لانیکەم ٢ لەسەر ٣ی ئەم ڕێژە لەو هەرێمانەی ئێرانە کە نەتەوەکانی وەك کورد و تورك و بەلوچی تێدا دەژین. کەواتە دابەزینی ئاستی خوێندن، کێشەگەلی ڕۆحی و ڕەوانی لەوانە خۆبەکەم زانین لەبەرامبەر ئاخێوەرانی زمانی فەرمی و تەنانەت وازهێنان لە خوێندن بەشێك لە ئاسەوارەکانی زاڵ کردن و هەوڵدان بۆ یەکدەست کردنی زمانی فارسییە. ئەمە جیا لەو خەسارە ئابوورییەی کە لە ئەنجامی ڕەتبوونەوەی قوتابیان دێتە گۆڕێ و بە ٤٠٠ میلیارد تمەن لە ساڵ بۆ سیستمی ئاموزشی ئێران مەزندە دەکرێت.

سیاسەتە زمانییەکانی سیستمی پەروەردە لە ئێراندا

سیاسەتە زمانییەکان لە سیستمی فێرکاری ئێران هەر لە سەرەتای شکڵ گرتنیەوە بریتی بووە لە وەلانان و لە پەراوێزخستنی زمان و زاراوەکانی جیا لە زمانی فارسی. هەنووکە هەوڵێکی زۆر چڕوپڕ لە قوتابخانەکانی ئێران بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی (زمانی دینی و قورئان) وەکوو زمانی سێهەم لە گۆڕێدایە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لانیکەم دوو لە سەر سیی قوتابیانی ئێران ناتوانن فێری زمانی دایکیی خۆیان بن. واتە لە سەرەتایترین و سروشتیترین مافی ئینسانی خۆیان بێبەش کراون. ئەم سیاسەتەش وەك ڕوونە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەمەڕ توندوتیژی لەدژی منداڵان و شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران کە پەرە بە چەشنێك لە سووکایەتی فەرهەنگی دەدات و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پاکتاوی زمانی و فەرهەنگی نەتەوەیەك. ئەمەش بەو هۆیەوە کە هەر کام لەو زمانانەی کە ئەمڕۆکە بۆ ئێمە ناسراون لە ناخی خۆیاندا مێژوو، نەریت و کلتور و ژیانی نەتەوەیەکیان حەشار داوە و بە لەنێوبردنی زمانەکەیان کۆی ئەم توخمانەی پێکهێنەری ئەو نەتەوەش لەنێو دەچن.

فێربوونی زمانی دایکیی و فێربوون بە زمانی دایکیی

فێربوون بە زمانی دایکیی بۆ منداڵان پرسێکی زۆر گرینگە چونکە وەك کارناسانی ئەم بوارە دەڵێن ئەم زمانە، تەنیا زمانێکە کە دەتوانێ منداڵان بە باشترین شێوە تێبگەیێنێت، بەچەشنێك کە ئەم فێرکارییانە تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. جگە لەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی زمانی هێمابۆکراو و هەر بەو پێیەش پەرەسەندنی خێراتر و باشتری پێوەندییە مرۆییەکان و لەبارکردنی بوار بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی شیاو بۆ ژیانێکی مرۆڤ تەوەرانە.

مرۆڤ، بونەوەرێکی ئاوەزمەندە و بەو پێیەش توانای بیرکردنەوەی هەیە. ئەگەر منداڵێك قۆناغەکانی فێربوون بە زمانی دایکیی خۆی تێپەڕێنێت تواناییەکانی بۆ بیرکردنەوەی زیاتر و ڕۆچوون لە نێو ئاڵۆزترین پرسەکانیش لە لای ئاسان و ساناتر دەبێت و لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ هزر و ئەندێشە ئاڵۆزەکان بگوازێتەوە. مرۆڤەکان بەهۆی زمانەوە دەتوانن لەسەر پرسە نەلواوەکان بدوێن و پێشکەوتنە زانستییەکان بهێننە ئاراوە. بەکورتی زمانی دایکیی تەنیا زمانێکە کە مرۆڤەکان بەهۆیەوە شوناسی کۆمەڵایەتی و دەروونناسانەی خۆیان دەدۆزنەوە. کەواتە بەلەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵانە هۆکاری دژایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پرسی خوێندن بە زمانی دایکیی دەردەکەون کە دەکرێ بەمشێوەیە پۆلێن بکرێن: هەوڵدان بۆ چاندنی تۆوی خۆبەکەم زانین، بێ هیوایی، دورکەوتنەوە لە شوناسی نەتەوەیی، بارهێنانی نەوەیەکی گوێ لەمستی بێ ئیرادە، شەرمێونی، گوێ نەدان بە شانازییە نەتەوەییەکان و ...... .



# ڕێککەوتننامەی ڤییەن و ململانێی کۆماریخواز و دێموکراتەکانی ئامریکا

عارف وەلزی

ڕێککەوتنی ڤییەن کە لە ئەنجامی زیاتر لە دەیەیەك شەڕ و ململانێی سیاسی و ئابوری و دیپلۆماسی نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ هاتە ئاراوە، سەرئەنجام لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، لە نێوان نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی واژۆ کرا و تێیدا بڕیار درا کە، بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو بەرتەسك و کۆنترۆڵ بکرێت و لە بەرانبەریشدا، گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئەو وڵاتە قۆناغ بە قۆناغ ڕایگیردرێن، هەڵوەشێنەوە و لا ببردرێن.

دیارە واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ڤییەن خۆی لە خۆیدا و بە تەنیا نەیدەتوانی کە بەندەکانی ڕێککەوتنەکە بخاتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە، چونکە لە کۆنگرێسی ئامریکا کە لە دوو مەجلسی سەنا و مەجلسی نوێنەران واتە پارلمان پێك دێت، زۆربەی نیزیك بە تەواوی نوێنەرانی کۆماریخواز و بەشێك لە نوێنەرانی دێموکرات و سەربەخۆ، هەر لە سەرەتاوە لە دژی ڕێککەوتنی ڤییەن ڕاوەستان و دژایەتی خۆیان بۆ ئەو ڕێککەوتنە دەربڕی. هەر بۆیە و بە مەبەستی ڕێگەگرتن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنە کە لەژێر فەرمانی باراك ئۆبامای سەرکۆماری ئامریکادا واژۆ کرابوو، ڕایانگەیاند کە گەڵاڵەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ڤییەن دەبەن بۆ سەنای ئامریکا، تا لەوێ زۆرینەی ئەندامانی کۆمارێخواز و دژی ڕێککەوتنی ڤییەن، دەنگی ئەرێنی بە هەڵوەشاندنەوەی بدەن.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەگەر کۆمارێخوازەکان لە سەنای سەد کەسی دا، ٦٠ دەنگیان بەدەست هێنابا، دەیانتوانی کە ڕێگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە خۆش بکەن. هەر بۆیە باراك ئۆباما ڕایگەیاند کە ئەگەر بێت و ئەم گەڵاڵەیە دەنگی پێویست بەدەست بێنێت، ئەوە لە یەکێك لە مافە یاساییەکانی خۆی وەك سەرکۆمار واتە مافی ڤیتۆ کەڵك وەردەگرێ.

سەرەنجام ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ی سپتامبر، ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن بەرەی کۆماریخوازەوە نێردرا بۆ سەنا. سەرەڕای ئەوەی کە ٥٨ سناتۆر کە زۆربەیان کۆماریخواز بوون داوای خستنە دەنگدانیان بۆ کرد، بەڵام ٤٢ سناتۆری دێموکرات و سەربەخۆ توانیان بە دەنگی نەرێنی، ڕێگە لە خستنە دەنگدانی ئەم گەڵاڵەیە بگرن و بەم شێوەیە باراك ئۆباما بەبێ بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ، ڕێگەی درێژەدان بە بەڕێوەبردنی ڕێککەوتنی ڤییەنی بۆ خۆش کرا.

هەر دووا بەدووای ئەوە بوو کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا جان کێری ڕایگەیاند کە، جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنی ڤییەن، ئامریکا و دۆستان و هاوپێمانانمان لە ناوچە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان دەپارێزێت و دەخاتە پێگەیەکی باشتر و ئەمینترەوە.

هەڵبەت بەو حاڵەش سناتۆرە کۆماریخوازەکانی دژی ڕێککەوتنی ڤییەن، هێشتا هەر بێ هیوا نەبوون، چوون بە پێی ئایین نامەی نێوخۆیی سەنا، باس و موناقشە لەسەر ئەو گەڵاڵەیە کات و ساتێکی دیاریکراوی نییە و هەرکات ٦٠ نوێنەر لە سەد نوێنەرەکەی سەنا دەنگی بۆ بدەن، جارێکی دیکە دەتوانن دانووستانەکان ڕاگرن و گەڵاڵەکە بخەنەوە دەنگدان.

هەروەها بە پێی یاسا کۆنگرێسیش دەتوانێت کێشەی زۆر بۆ سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دروست بکات و ئاستەنگ بخاتە سەر ڕێگەی بەڕێوەچوونی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی. بۆ نموونە کۆنگرە دەتوانێت گەڵاڵەی نوێی تەحریم و ئابلۆقەی ئابووری و بازرگانی بە نیسبەت پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و پشتیوانی لە تیرۆریزم و دەستێوەردانی ئەم وڵاتە لە کاروباری وڵاتانی ناوچە ڕێك و پەسند بکات، بە جۆرێك کە لە ڕووی نێوەڕۆکەوە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ڕێککەوتنی ڤییەن نەبێت.

بێگومان شارەزایانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە پێچەوانەی ڕوانگەی جان کێریی وەزیری دەرەوی ئامریکا و هەروەك ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران ڕایگەیاند، ڕێککەوتنی ڤییەن و هەڵگرتنی گەمارۆکان، جارێکی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی کاروباری تیرۆریستی و پێشێل کردنی هەرچی زیاتری مافی مرۆڤ لە ئێران و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە ئاوەڵاتر دەکات، بۆیە نابێت جیهان لە بەرانبەریدا بێدەنگی هەڵبژێرێت.




ڕۆژەڤ

## پرسی ڕێککەوتنی ناوکی

و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

ماڵپەری «فۆرین پاڵسی» (سیاسەتی دەرەکی) وتارێکی لە ژێر ناوی «بۆچی زۆر کەس چاوەڕوانییان لە ڕێککەوتنەکە لەگەڵ ئێران زۆر کەمە؟» بە قەڵەمی «ستێفان ئێم.والت» بڵاو کردووەتەوە. نووسەر لە سەرەتادا دەنووسێ: «سەرەڕای دوایین هەوڵە شاراوەکانی کۆمار یخوازەکانی کۆنگرە، ڕێککەوتننامەی ناوکی لەگەڵ ئێران، ڕێککەوتنێکی ئەنجامدراوە. پەسندکردنی دەستکەوتێکی بەرچاوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی باراك ئۆباما ـ بەڕێوەبەرایەتییەك کە وتووێژەکانی بە شارەزایی بەرەوپێش برد و لە نێوخۆیش زیرەکانە داکۆکی لێکرد ـ و دەستکەوتێکی بەرچاویشە بۆ بەرەیەکی بەرینی گرووپ و دامەزراوە و ئەو شارۆمەندە خاوەن بەرژەوەندییانەی کە هۆکاری یارمەتی کردنیان ڕوون بکرێتەوە بۆچی ئەو ڕێککەوتننە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەمریکادایە.

بەڵام با هەڵە نەکەین: دژبەرانی ڕێککەوتنەکە خۆیان بەدەستەوە نەداوە. پاش شکستخواردن لە پێشگرتن بە خودی ڕێککەوتنەکە، گرووپێك لە سیاسەتمەداران و سیاسەتکارە قایمکارەکانی هەر دوو حیزب خەریکی هەوڵدانن لە پێناو دڵنیابوون لەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمترین قازانجی لێ بەدەست دێنێ. ئەوەی زۆر بەرچاوە ئەمەیە کە ئەم هەوڵانە تەنیا لە لایەن ئەوانەوە نیە کە هیچ حەز بە چارەی ئۆباما ناکەن، یان تەنیا لە لایەن کاندیداتۆرە کۆماریخوازەکانی سەرکۆماری یان لایەنە تووڕەکان لە تۆمارکردنی ڕێککەوتنەکە. ئەو هەوڵانە پشتیوانیی ژمارەیەك لە دێموکراتەکان، میانەڕۆکان و خەڵکی هەستیار بە سەقامگرتوویی سیاسەتی دەرەکی لەگەڵە.»

نووسەر دواتر هێما بۆ کۆمەڵێك دەق و دەربڕینی توندی سیاسەتڤانانی ئەمریکی دژ بە ئێران لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا دەکات. لەو پەیوەندییەدا دەنووسێ: «هیلاری کلینتۆن بۆ ئەوەی لە قافڵەکە دوور نەکەوێتەوە، حەوتووی ڕابردوو وتارێکی گشتی دوژمنکارانەی توندی دا کە پشتیوانیی لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە دەکرد، بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە «ئەوە دەستپێکی هەندێ کرانەوەی سیاسیی پتر نیە» و بۆ بیروڕای نێوخۆ وتی «خاڵی دەستپێکی من لەسەر بێ متمانەییە». نووسەر لە بەشێکی دیکەدا دەنووسێ: «پێش لەوەی جەوهەرەکە تەنانەت ویشك ببێتەوە، زۆر کەس دەیەوێ ڕووبەڕووی هەر ئەگەرێك ببێتەوە کە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران بەرەو باشتربوون بڕوات».

نووسەر لە پاراگرافەکانی دواتردا بە وردی هەوڵی لایەنە دژبەرەکان ڕوون دەکاتەوە، وەك ئەو هەوڵەی بۆ تەیارکردنی ئیسرائیل بە مووشەکی زۆرپێشکەوتوو لەئارادایە و هەروەها کارکردن لە پێناو مانەوەی بەربژاری هێرشی سەربازی ئامریکا بۆ سەر ئێران لە ئەگەری سەرنەگرتنی ڕێککەوتنەکە.

نووسەر دواتر شیکردنەوەی چەند خاڵ دەکاتە بناغەی داکۆکی لەو بۆچوونەی کە مادام ڕێککەوتن کراوە، پێویستە هەوڵی نەزۆککردنی نەدرێ، چونکە بەرژەوەندیی ماددی و سیاسی ئەمریکای تێدایە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی دژبەرانی دەسەڵاتدارانی نێوخۆی ئێران.

سەرچاوە:
www.foreignpolicy.com



# ناسەقامگیری دەروونیی پێوەرێکی دواکەوتوویی وڵات و کۆمەڵگ

ن و ئا: فاتیح ساڵحی

پێوەری گەشەسەندوویی مرۆیی، پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی هیوا بە ژیان، خوێندەواری، چۆنیەتی و ئاستی فێرکاری بە شێوەیەکی گشتی، ڕادەی ستانداردەکانی ژیان لە کۆمەڵگا مرۆییەکانە. پێوەری گەشەسەندوویی مرۆیی بە کەڵك وەرگرتن لە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوشبژیوی بە تایبەت لە نێو منداڵان و کەسانێك بە تەمەنی خوارەوە دیاری دەکرێ. لەم پێوەرانە دەتوانرێ بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەسەندوویی وڵاتان، کاریگەریی سیاسەتە ئابووری و فەرهەنگییەکانی دەوڵەت لەسەر ستانداردەکانی ژیان کەڵك وەربگیردرێ[1].

**تەندروستیی دەروونی، پێویستی کۆمەڵگایەکی تەندروست**

بەناوبانگترین پێناسەی تەندروستی لە ئایین نامەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە شێوەی خوارەوە پێناسەوە کراوە. تەندروستی حاڵەتی تەواوی ئاسایش و بەختەوەری ژینگە، دەروونی و کۆمەڵایەتییە و بە تەنیا نەبوونی نەخۆشی و کەم ئەندامی و توانایی جەستەیی و تەندروستی لەش نییە. ڕەهەندە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم پێناسەیە لە لایەن «داونی» و هاوکارەکانیەوە لە ساڵی ١٩٩٦دا کەوتووەتە بەر سەرەنج و تاوتوێ کردن.

لە بەشی یەکەمی ئەم پێناسەیەدا ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە تەندروستی وەك چەمکێکی ئەرێنی سەیر دەکرێ (چۆنایەتی ئەرێنی: ئاسایش و خۆشبژیوی) لە بەشی دووهەمی پێناسەی تەندروستیدا لە ڕەهەندە نەرێنییەکەیەوە هاوشێوەی نەبوونی نەخۆشی و کەمئەندامی سەیر دەکرێ و بە لەبەرچاو گرتنی هەر دوو ڕەهەندەکە، پێناسەکە ئەم بابەتە زەق دەکاتەوە کە تەندروستیی ڕاستەقینە بریتییە لە پێشگرتن لە بێ نۆرمی و نەخۆشی و هەروەها بردنە سەرەوەی تەندروستیی ئەرێنییە کە ئەم بابەتە (بردنە سەرەوەی تەندروستیی ئەرێنی) زۆر پەراوێز خراوە لەم پێناسەیەدا. «بێنیارد» ڕەخنەی لەم پێناسەی تەندروستییە هەیە و دەڵێ گەیشتن بەم پێناسەیە واتە وەدیهاتنی تەندروستی تەواو و ئاسایشی ژینگەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی لە کردەوەدا زۆر ئەستەمە. چونکوو لەم پێناسەیەدا کەمتەرخەمی کراوە لەهەمبەر هۆکارگەلێکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە لەوانەیە لە دروست بوونی وەها دۆخێکدا پشکیان هەبێ.

**بنەماکانی تەندروستیی دەروونی:**

- ڕێز گرتنی تاك لە کەسایەتی خۆی و خەڵکانی دیکە.
- ناسینی ئاستەنگەکان لە ناخی خۆیدا و کەسانی دیکە.
- زانینی ئەم ڕاستییە کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەرهۆی هۆکارگەلێکن.
- ناسینی ئەو ڕاستییەی کە هەڵسوکەوتی هەر تاکێ لە ناخی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ.
- دەسنیشان کردنی پێداویستییەکان و ئەو بزوێنەرانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ڕەفتار و کردەوەی مرۆڤەکان.

کەسێ کە لەم بنەمایانە تێبگات و قبووڵیان بکات بە دڵنیاییەوە بە شێوەیەکی واقعبینانە بەرەوڕووی کێشەکانی ژیان دەبێتەوە و بە بوونی ئاستەنگ و کۆسپەکانی سەر ڕێگای دڵسارد نابێتەوە چونکوو دەزانێ کە ژیان یانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هۆکارە جیاوازەکان، کەسی نەرم و نیان دەزانێ کە پێداویستییەکانی تاك هیچ کاتێ بە تەواوی لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیان یەك ناگرنەوە و بەم پێیە هەوڵ دەدات بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی خۆی ڕاستییەکان لەبەرچاو بگرێ و زیاتر لە ئاستی خۆی چاوەڕوانیی نەبێ، ناوبراو قبووڵی دەکات کە ناکۆکی دەروونی زۆر جار دێتە پێش و بۆ بەرنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو ناکۆکییانەدا خۆی ئامادە دەکات. ئەم تاکە لە ژیاندا ئامانجی دیاریکراوی هەیە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە هەوڵی بێ وچان دەدات، جگە لەمە ناسینی خۆی و دەوروبەرییەکانی دەبێتە هۆی ئەوەیکە ڕێزی زیاتر لە مرۆڤایەتی و سروشت بگرێ و لەهەمبەر ڕووداوەکاندا گەشبین بێ. بە کورتی ئەوەیکە ئەو خەڵکانی دیکە بە هەمان شێوە کە هەن قبووڵ دەکات و لە باتی ئایدیالیسم لە پێوەندی لەگەڵ ئەواندا ڕیالیسمێکی واقعبینانە دەگرێتە بەر. بەم پێیە دەتوانێ متمانە بە ژینگە و خەڵکانی دەوروبەری بکات و بە ئاسوودەییەوە بەردەوام بێ لە ژیانێکی کەم مەترسی.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە ڕەهەندە سەرەکییەکانی تەندروستیی دەروونی کە لایەنی کردەکییان هەیە بخەینە بەر باس و لە ئەنجامیشدا بەراوردێ بکەین لە نێوان ئەم ڕەهەندانە و ئەو بارودۆخەی کە ئێستا زاڵە بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا و لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە بگەین کە لەپێوەندی لەگەڵ خراپ بوونی کەشی دەروونی خەڵکانی دانیشتووی وڵاتی ئێران چ لایەنێك تاوانباری سەرەکییە.

**چییەتی چەمکی تاکبوون:**

چەمکی تاکبوون، دادوەری تاك لەسەر خۆی ڕوون دەکاتەوە و گەرەنتیکەری زانیاری لە خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەڵسوکەوتە. تاکێ لەباری دەروونییەوە تەندروستە کە سەبارەت بە ڕەفتارەکانی خۆی زانیاری هەبێ و بە شێوەیەکی بەرهەست ئامانجەکانی خۆی تاوتوێ بکات و بە سەرەنجدان بە توانا تاکەکەسییەکانی خۆی چالاکی بنوێنێ. ڕاستبینی و خۆدوورگرتن لە خۆفریودان گرینگییەکی تایبەتی هەیە. گرینگترین هۆکار لە تەندروستیی فکری و تەندروستی دەروونی کەتوارخوازیی و قبووڵی کردنی خودە بە هەمان شێوە کە هەیە. تاك دەبێ تواناکان و کەم و کوورییەکانی خۆی بە هەمان شێوە کە هەیە قبووڵ بکات. دەبێ جەخت بکەینەوە کە لێرەدا مەبەست پرسی قەناعەت یان ڕەزامەندی نییە بەڵکوو پشت دەبەستین بە تواناکانی کەسایەتی و کەم و کوورییەکانی هەر تاکێ کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو باسەی کە هێمامان بۆ کردووە بە زانیاریی تەواو گەیشتووە لە سەریان. لەم پێوەندییەدا دەبێ ئەم چەن خاڵە لەبەرچاو بگرین.

- تاك دەبێ بزانێ کێیە، چی دەوێ، لە ژیاندا کەوتووەتە دوی چ ئامانجگەلێکەوە. لێرەدایە کە هەستی ناسینی تاکبوون گرینگیەکی تایبەتی پەیدا دەکات. قبووڵ کردنی بەهاکانی خەڵکانی دیکە بە شێوەی بەرهەست و ڕاستبینانە بەشێکی دیکە لە خۆناسیی پێك دێنێ.
- ململانێی چالاکانە لەگەڵ هۆکارە پەڕاوپەڕییەکاندا: پێوەرێکی دیکە کە نیشانەی تەندروستی دەروونییە، ململانێی چالاکانەی تاکە لەگەڵ هۆکارە پەڕاوپەڕییەکاندا. ئەو کەسانەی کە بە تەواوی خۆیان ڕادەستی خەڵکانی دیکە دەکەن و بە شێوەیەکی چالاکانە لە ململانێدا نین لە باری سۆزداری و گەشە سەندووییەوە کەسانێکی لاوازن. مرۆڤ تا ئەو کاتەی لە ژیاندایە دەبێ چالاکی بکات و هەوڵەکانی لایەنی ئەرێنی و سازندەیان هەبێ. هاوکاری و هاوهەنگاوی لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگاش بەشێکی دیکەیە لە تەندروستی دەروونی.
- سەربەخۆیی و خودموختاری: بەشێکی گرینگ لە کەسایەتی کەسێکی پێگەیشتوو، سەربەخۆیی و خودموختاری تاك پێکی دێنێ. بە شێوەیەك کە سەدان جار جەخت کراوەتەوە لەسەری کە لەگەڵ گەشە و باڵاهەڵدانی تاك، بەرە بەرە لە لایەنەکانی وابەستەبوونی تاك بە بنەماڵەی کەم دەبێتەوە و بواری سەربەخۆیی تاك ئامادە دەبێ. ژینگەی خوێندن بە تایبەت زانکۆکان و خوێندنگا باڵاکان باشترین ئامرازەکان بۆ ئاڵوگۆڕ لەگەڵ پەڕاوپەڕێ جگە لە بنەماڵە و دراوسێکان دابین دەکات و بەرە بەرە تاك خۆی بەرەو پشت بە خۆ بەستن لە بڕیارەکان و لەپێشگرتنی شێوازی خوازراوی ژیانی داهاتووی هەنگاو هەڵدەگرێ. هەڵبەت سەربەخۆیی لەڕادەبەدەریش بە ملهوڕی و سەرەڕۆیی دەگات. هەربۆیە میانەڕۆی لەم پێوەندییەدا بابەتێکی گرینگە. هۆکارگەلێکی دیکەش لەم پێوەندییەدا بوونیان هەیە کە دەبێ تاکی تەندروست لە بوونیان بێبەش نەبێ هۆکارگەلێ وەك، خۆشەویستی، ڕێزگرتن لە خەڵکانی دیکە، هەست بە سەربەرزی کردن و هەست نەکردن بە سووکایەتی، بێ نۆرمی نەنواندن و لە هەمووی گرینگتر دەبێ شادبوون بکاتە دروشمی خۆی و لە ئەنجامدا پێوەندییەکی تەندروست لەگەڵ ژینگە و کەسانی دەوروبەری خۆی دابمەزرێنێ[2].

بەپێی ئەم سێ پێوەرە بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی تێکچوونی باری دەروونی و بشێوی و نالەباربوونی دۆخی دەروونی و تەندروستی تاکەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا و بە گشتی بێ هیوا بوونی خەڵکی ئێران سەرچاوە دەگرێ لە سێ ڕەهەندی سەرەکی.

یەکەم: ئەوەیکە ئێستاکە لە کۆمەڵگای ئێران و وڵاتی ئێراندا کە وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە بە هۆی زاڵبوونی حکوومەتێکی ناوەندیی دەسەڵاتخواز و بناژۆخواز کە تەنیا پەرەپێدەری بیرۆکە چەقبەستووەکانی خۆیەتی و ئیدئۆلۆژی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیاندا تێکەڵ بە ژیانی ئاسایی و تەنانەت بنەماڵەکان کردووە، ئەستەمە کە تاك بتوانێ لە وەها حکوومەتێك و وڵاتێکدا بە دووی ناسینی خۆیەوە بێت و ئازادانە لە دووی ئامانج و ئاواتەکانی خۆی بگەڕێ، بەپێچەوانە ئەو کەسانەی کە لەم پێناوەدا هەوڵ دەدەن و بۆ ناسینی خۆیان و بە هەمان شێوە نەتەوە و فەرهەنگەکەیان هەوڵ دەدەن و چالاکی دەنوێنن بە دەیان تۆمەتی جۆرواجۆر و خستنەپاڵی تۆمەتی ئەمنی و دژایەتی لەگەڵ خوا و وەمەترسی خستنی تەناهی نەتەوەیی دەکەونە ژێر گوشار و زیندان و ئەشکەنجە و لە هەندێ حاڵەتیشدا ئەم جۆر کەسانە بە ناچار زێدی خۆیان جێ دێڵن و پەڕیوەی هەندەران دەبن. بۆیە زۆر ئاساییە لە وڵات و کۆمەڵگایەکدا کە تاك مافی ناسینی خۆی نییە، لە هەمان بنەڕەتەوە لەگەڵ کێشەیەکی دروونی بەرەوڕوو ببێتەوە کە تا دوا ساتەکانی ژیانی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. بۆیە لەم قۆناغەدا ململانێ و چالاکی تاك زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە زەق دەبێتەوە و تاك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی دەبێ دەست بداتە فیداکاری و بە ئاسانی خۆی ڕادەستی کەشی زاڵ نەکات.



دووهەم: لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیکدا هەموو تاکێ مافی ئەوەی هەیە کە دژی هەموو ئەو شتانەی کە ئاسایش و تەندروستی ئەو دەخنە مەترسیەوە ڕاپەڕێ و بەرەنگاری ئەو هۆکارانە ببێتەوە کە ژینگەی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسییەکەی نالەبار دەکەن و تووشی قەیرانی دەروونی دەکەن. بەڵام بەداخەوە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەم مافە بە هۆی زەبروزەنگ و حکوومەتێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر لە دانیشتووانی وڵات و ئەندامانی کۆمەڵگای ئێران زەوت کراوە و حکوومەت بە هیچ شێوەیەك مەجال و دەرفەتی ئەوە نارەخسێنی کە دانیشتوانی وڵاتی ئێران لەهەمبەر ئەو کێشانەی کە بەرۆکیانی گرتووە و ژیانی ڕۆژانەیانی خستووەتە مەترسییەوە چووکەترین نارەزایەتی دەرببڕن و بە توندترین شێوە دەسبەجێ سەرکوتی هەموو جۆرە ویست و داخوازییەکی دێموکراتیك و مرۆیی دەکات. بۆیە تاك لە ئێراندا ناچارە کە ڕق و توورەبوونەکانی لە خۆیدا هەڵڕژێ و ئەم ڕق و توورەبوونە بەردەوام لە ناخیدا پەنگ دەخواتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە تاکی دانیشتووی ئێران لە ڕیزبەندی ئەو کەسانەی کە توورەترین خەڵکانی دانیشتووی گۆی زەویین لەگەڵ خەڵکانی دانیشتووی وڵاتی عێراق توورەترین کەسانی گۆی زەوی بن. ئەم بابەتەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دادەنێ لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاك و بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو ئامانجە سەرەکییەکانی درووی دەخاتەوە. بەڵام بەهەر شێوە ئەمەش نابێ ببێتە هۆی ئەوەیکە کە تاك لە جووڵە و چالاکی بوەستێ و دەبێ زۆر شێلگیرانە لە دووی ئامانج و ویست و داخوازییە ڕەواکانی بکەوێ، چونکوو دەبێ دڵنیا بێ تا ئەو کاتەی خۆی بۆ دابین بوونی مافەکانی هەوڵ نەدات و چالاکی لە خۆی نەنوێنێ هیچ دەسەڵات و حکوومەتێکی دیکتاتۆر ئەو مافانە دوو دەستی پێشکەش بە هیچ تاکێ ناکات، بۆیە لەم قۆناغەدا بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە ژینگە و پەڕاوپەڕی تاکیان تێك داوە و ڕێگە لە شادبوون و ئاسایشی دەروونی تاك دەگرن، ئامرازی سەرەکییە بۆ دەرباز بوون لەو دۆخەی کە لەوانەیە هەر تاکێ تووشی نەخۆشیەکی کوشەندە بکات.

سێهەم: سەربەخۆیی و خودموختاری کلیلی سەرەکی و ئامرازی بنەڕەتین بۆ گەیشتن بە مافە سەرەکی و ڕەواکانی هەر مرۆڤ و تاکێکی کۆمەڵگا. ئەم بابەتەش جگە لە سیستمی پەروەردە و فێرکاری و هەروەها فێرکارییەکانی بنەماڵە، ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مافانەی کە لە یاسای بنەڕەتی هەر وڵاتێکدا بۆ تاك دەسنیشان و دیاری کراوە. مافێك بە ناوی مافی چارەی خۆنووسین کە لە هەموو وڵاتێکی دێموکراتیك و ئازاددا وەك پرنسیپێ لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا چەسپاوە. بەڵام ئێستاکەش پاش سی و حەوت ساڵ دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئەم مافە بە هەموو شێوەیەك لە ئێراندا





# ئێران، هۆکاری سەرەکی کۆچی کۆچبەران و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە

دارا ناتق

کۆچی بە لێشاوی خەڵکی بەڵالێدراوی وڵاتانی عێراق، ئەفغانستان، ئێران و بە تایبەتی سوورییە بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە ماوەی ڕابردوودا بۆتە یەکێك لە قەیرانە مرۆییەکان و ڕۆژڤی سیاسەتی ئەمڕۆی ناوچە و جیهان بە گشتی. کارەساتێك کە کاردانەوەی جیهانی لێکەوتەوە و ڕای گشتی جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. چوونی بە دەیان هەزار کۆچبەر بە شێوەیەکی نایاسایی بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەڵاتنیان لە دەست شەڕ و ماڵوێرانی و گرووپە تیرۆریستییەکان، خنکان و کوژرانی سەدان کۆچبەر لە ڕێگا نایاساییەکانی ئاویی و وشکانییەکاندا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تووشی حەپەسان و نیگەرانی کردووە. بەردەوامی شەڕ و کوشتاری بە کۆمەڵ و پەرەسەندنی گرووپە تیرۆریستییەکان وەك داعش کە هەنۆکە زیاتر لە ٣٥ لە سەدی خاکی عێراق و ٥٠ لە سەدی خاکی سوورییەی داگیر کردووە و هەروەها حەشدی شەعبی کە یەکێك لە گرووپە توندڕەوەکانی شیعەی عێراقە و ڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە ساپۆرت دەکرێت، بۆتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوچە و جیهان بە گشتی و تێکدانی ژیان و تەناهی و کۆچی خەڵکی بەڵالێدراوی ئەو وڵاتانە.

شەڕ و کاولکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و وڵاتانی وەك عێراق و ئەفغانستان و سوورییە بە تایبەتی، کە بەرهەمی سیاسەتی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز و بنیاتنانی سیاسەتی کوشتار و ترس و تۆقاندنی خەڵکە کە دەرفەتی ڕەخساندن و پەرەسەندنەوەی شەڕی تایفی و گرووپە توندئاژۆکانی وەك داعش و حەشدی شەعبی و چەندین گرووپی توندڕەوی دیکەی پێك هێناوە و خەڵکی مافخواز و بێ تاوان دەکاتە ئامانجی تیرۆریستی خۆی و ئەمڕۆ دیاردەی کۆچی زۆرەملێ و بە ناچاری هێناوەتە گۆڕێ و بۆتە هۆی خولقاندنی تراژیدیایەکی مرۆیی. بێ هەڵوێستی و دەستەوەستانی کۆمەڵگای نێونەتەوەی لە هەمبەر شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوچە و سەرهەڵدانی ڕەوتی تیرۆریزم لەو هەرێمەدا و دەور و نەقشاندنی سیاسەتی ئێران لە ئاڵۆزتر کردنی کێشەکانی ناوچەدا، بەرپرسایەتییەکی دیرۆکی دەخاتە سەر شانی ناوەندی سیاسەتی جیهانی و وێڕای خاپوور کردن و کوشتاری بە کۆمەڵ و کۆچی ملیۆنی خەڵکی ئەو وڵاتانە، دواجار هەر وڵاتانی ڕۆژئاوان کە دەبێ باجی سیاسەتی هەڵەی خۆیان لە هەمبەر بێدەنگی و دەستەوەستانیان لە مەڕ ئەو ڕووداوانەدا بدەن، وەك کۆچی ملیۆنی خەڵکی ئەو وڵاتانە بەرەو ڕۆژئاوا بۆتە قەیران و گیرۆ گرفتەکی سەرەکییان.

لە هەمووی گرینگتر ڕۆڵی بەرچاو و ئاشکرای ئێران لە پشتیوانی کردن لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد و ساپۆرت کردنی گرووپی تیرۆریستی داعش و دروستکردنی حەشدی شەعبی لە عێراق و هەڵگیرساندنی شەڕی تایفی لە عێراق و سوورییە بە تایبەتی، ئامانجی شەڕخوازانەی خۆی بە مەبەستی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە و پەرەپێدان بە پێکهێنانی خوونی ئیمپراتووریەتی شیعە لە ناوچەکەدا پراکتیزە دەکات و توانیویەتی لەو پێوەندییەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێت. ئاوارەبوون و کۆچی ملیۆنی خەڵکی سوورییە و عێراق بە تایبەتی، کە زۆربەیان کورد و عەرەبی سۆننە و پێکهاتەکانی وەك ئێزدی و مەسیحین کاریگەری ڕاستەوخۆ لە سەر گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە دادەنێت و ئێران لە ئامانجەکانی خۆی کە پێکهێنانی هەرێمێکی بەرفراوانی شیعە مەزهەب و سیاسەتی تەك ڕەهەندی ئەو وڵاتەیە نزیك دەکاتەوە. بەردەوامی سیاسەتی ئاژاوەنانەوە و شەڕخوازانەی ئێران لە ئاستی ناوچەکە بە گشتی و وێرانکردن و دووبەرەکی سازکردن، پێکهێنانی ناکۆکی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە، ترس و تیرۆرکردنی گەلانی مافخوازی ئەو هەرێمە، هەروەها یارمەتیدان و ساپۆرتکردنی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك داعش و ئەلقاعیدە و حیزبوڵلای لوبنان، هۆکاری سەرەکی کاولکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و کۆچبەرەکانە.

ئێران بە موهەندسی کردن و مودیرییەت کردنی ئەو شەڕە لە ڕێگای دەست و پێوەندییەکانی خۆیەوە لە نێو گرووپی تیرۆریستی داعش و هەروەها لە ڕێگای گرووپی توندڕەوی حەشدی شەعبی، لە هەوڵی خاپوور کردن و وێران کردنی زیاتری ناوچە سۆننەکانی عێراق و سوورییە و بە تایبەتی ناوچە کوردنشینەکان لە کوردستانی ڕۆژئاوادایە. تاکوو لەو ڕێگایەوە هەم دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد بپارێزێت و هەم دەسەڵاتی توندئاژۆی شیعە لە عێراقدا بەهێزتر بکات و لە هەمووی گرینگتر بە وەڕێخستنی ڕەشەکوژی و تیرۆر و کۆچاندنی خەڵکی ئەو ناوچانە، خەونە گڵاوەکانی لە پێناو گۆڕینی دیموگرافیای ئەو هەرێمانە لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆی وەدی بێنێت. سەرجەم ئەو شوێنانەی کە هەنۆکە تووشی شەڕ و خاپوور کردن بوون و خەڵکی تێدا ئاوارەبوون، شوێنی ژیانی سۆننەکانن بە کورد و پێکهاتە مەزهەبییەکانی وەك ئێزدی و مەسیحی.

ڕوون و ئاشکرایە کە ئێران لە پشت هەموو ئەو تراژیدیانەیە کە بەرۆکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی گرتووە و بە یارمەتیدان و ساپۆرت کردنی گرووپە توند ئاژۆخوازەکان و بە تایبەتی گرووپی تیرۆریستی داعش، لە هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیایی ئەو هەرێمە بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە و مەترسی ئەو هەرەشانەی کە پێی وایە لە داهاتوودا لە لایەن کورد و سۆننەی ئەو ناوچەیە بۆی دێتە پێش لە سەر خۆی کەمڕەنگ بکاتەوە. هاوئاهەنگ بوونی سیاسەتی ڕووسیە لەمەڕ ستراتێژی ئێران لە ناوچەکەدا و متمانەدار بوونی ڕۆژئاوا سەبارەت بە سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەو وڵاتە و بێ هەڵوێستییان لە پێوەندی لەگەڵ دەوری تێکدەرانەی ڕێژیمی ئێران، جێگای ڕەخنە و بێ متمانە کردنی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە. بەشداری پێکردن و دانی دەوری بەرچاوی ئێران وەك تاوانباری سەرەکی هەموو ئەو شەڕ و ماڵوێرانییە لە چارەسەر کردنی کێشەکانی عێراق و سوورییەدا، لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە، نە تەنیا هیچ یارمەتییەك بە پێکهێنانی ئاشتەوایی و تەناهی ئەو ناوچانە ناگەیەنێت، بەپێچەوانەوە دەستی ڕێژیمی ئێران بۆ سەرکوت و کوشتاری زیاتری گەلانی غەیرە شیعە و بە تایبەتی کورد و سۆننە و کۆچاندنیان ئاوەڵاتر دەکاتەوە.



## ...گای ئێران

قەدەغەیە و ئەو کەسانەشی کە بۆ بەدەستهێنان و دابینبوونی ئەم مافە هەوڵ دەدەن بە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ خودا و ویلایەتی فەقیهـ بە ڕاشکاوانە نازناوی دژەشۆڕشیان لێ دەدەن و لە هەموو مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بێبەشیان دەکەن و ئەم جۆر کەسانە یان دەبێ لە دۆخێکی زۆر دژواردا لە ئێران بژین یان ئەوەیکە لەبەر چالاکی و کار و کردەوکانیان لە زیندانەکانی ڕێژیم بەسەر ببەن یان لە حاڵەتێکی دیکەدا بۆ بەردەوام بوون لەسەر داواکارییەکانیان تێکەڵ بە ئۆپۆزێسیۆنی حکوومەتی ئێران لە دەرەوەی وڵات دەبن و بەشێکیشان لەبەر بارودۆخی نالەباری ژیانیان بە ناچار ڕێگەی دەرەوەی وڵات بۆ ژیانێکی ئاسوودە و ئاسایشی زیاتر دەگرنە بەر و بەمشێوە جارێکی دیکە خەمۆکی و بشێوی دەروونی باڵ دەکێشێ بەسەر ژمارەیەکی دیکە لە دانیشتوانی وڵاتدا و ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دادەنێ لەسەر چین و توێژەکانی دیکە و بەشێوەیەکی سیستماتیك تۆوی بێ هیوایی و کێشە دەروونییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گەشە و پەرە دەستێنێ.

**هەندێ لە ڕاستییە کۆمەڵایەتی دەروونییەکانی ئێران**

• ڕەوتی پەرەسەندنی تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان لە ئێراندا

١- لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا لە ساڵی ١٣٥٧ تا ١٣٧٧ بە شێوەی نێوەنجی ڕێژەی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لە ساڵدا ٨٪ گەشەی سەندووە و بە واتایەکی دیکە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەر ١٢ ساڵ جارێ دووقات بووە. بەراوردکردنی ئەم ڕێژەیە لەگەڵ ڕێژەی گەشە سەندنی ژمارەی دانیشتووان لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو بە شێوەی نێوەنجی ٢/٦٣ لە سەد بووە، ئەمەش پیشاندەری ڕێژەی گەشە سەندنی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لە چاو ڕێژەی گەشە سەندنی ژمارەی دانیشتووانە.

٢- توێژینەوە چۆنایەتی تاوتوێ کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا پیشان دەدەن کە لە ئێراندا ١٥ کێشەی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی دۆخی خراپی نالەباری دەروونی و بشێوی دەروونی بوونیان هەیە کە بریتین لە: تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان، بێکاری، توندوتیژی، بێ متمانەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەژاری ئابووری، جیابوونەوە و تەڵاق، خۆکوژی، گەندەڵی، هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، نادادوەری لە دابەشکردنی دەسەڵات، دابەزینی نۆرمەکان، سیاسەتە فەرهەنگی و ئابوورییەکان، کێشەکانی سیستەمی فێرکاری و پەروەردە، پێشێل کردنی مافی شارۆمەندی و نابەرابەری لە بەڕێوەچوونی یاسادا، کێشەی ڕێگە و بان و هاتوچۆ. لە هەموو ئەم ١٥ خاڵەدا بە بڕوای کارناسانی ئەم بوارە لە پلەی یەکەمدا حکوومەت و دەوڵەتەکان بەرپرسیارن و لە پلەکانی دیکەدا نۆرمە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەکان جێگیر دەبن.

• ناسەقامگیری لە پێکهاتەکان، بەڕێوەبەرییەکان، نۆرمەکان و بڕیاردانەکان لە ئێراندا

لەم پێوەندییەدا زۆر خاڵ دەکەونە پێش چاو کە پاش بەتاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەردەوام بەرۆژ و نوێ دەبنەوە و زۆربەی دانیشتوانی ئێران و بەتایبەتی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێرانی وەزاڵە هێناوە. نادادوەری و هەڵاواردنی سیاسی و ئابووری و بە شێوەیەکی گشتی پەراوێز خستنی نەتەوەکانی ئێران و کەمینە ئایینییەکان لە بەڕێوەبەری وڵات و داسەپاندنی سیاسەتێکی یەکە و پەرەپێدان بە سیاست و ئایینێکی دیاریکراو کە لە ئیدۆلۆژی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ هۆکاری سەرەکین بۆ سەرهەڵدانی ئەم چەشنە لە کێشەکان.

• پرۆسەی پێکهێنانی ژیان و جیابوونەوە لە ئێراندا

بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان لە ئێراندا لە ساڵی ١٣٨٨ بەملاوە لە چاو ساڵەکانی ١٣٨٧ پێکهێنانی ژیان یەك لە سەد و جیابوونەوە ١٣/٨ لەسەد گەشەیان سەندووە. بەپێی ئەم ئامارانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی جیابوونەوە ٣٧/٥٩ لەسەد گەشەی سەندووە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە تان و پۆی زۆربەی بنەماڵەکان بە هۆی ئەو کێشانەی کە هێمایان بۆ کراوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ ئاستەنگی زیاتر بەرەوڕوو دەبێتەوە و ئەم بابەتەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی دادەنێ لەسەر دروستبوونی کێشە دەروونییەکان و بشێوی ژیانی کۆمەڵایەتی و دابەزینی هیوا بە ژیان.

• کۆچکردنی مێشکەکان

بەپێی ڕاپۆرتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئێران لە نێوان ٩١ وڵاتی گەشەسەندوو و لە حاڵی گەشەدا، بەرزترین نرخی کۆچکردنی مێشکەکانی بە ناوی خۆیەوە تۆمار کردووە، بە شێوەیەك کە ساڵانە لە نێوان ١٥٠ تا ١٨٠ هەزار کەس لە دەرکەوتە و کەسانی خوێندەوار ئێران بەجێ دێڵن و باشتر وایە بڵێین کە لە ئێران ڕا دەکەن.

**بارودۆخی زاڵ و ئەو بابەتانەی کە پێویستە لەبەر چاو بگیردرێن بە شێوەی خوارەوەیە:**

١- گرینگیی تەندروستیی دەروونی و هەروەها تەندروستی کۆمەڵایەتی لە پلاندانانی تەندروستی لە ئێراندا تا ڕادەیەکی زۆر لەبەرچاو نەگیراوە، هەر بۆیە بۆ داهاتووی تەندروستیی ئێران و جیهان هەست بە مەترسی دەکرێ.

٢- ئاماری بشێوییە دەروونییەکان لە ئێراندا لە چاو وڵاتانی دیکە لە دۆخێکی خراپتردایە.

٣- کۆمەڵگای ئێران، کۆمەڵگایەکی هەیەجانی، نیگەران، پەرۆش، بێ ڕێز، پێشبینی نەکراو، و بە واتای کارناسان و شارەزایان غەیرە ئیخلاقی، یاسابەزێن و چاوەدێری هەڵنەگرە کە هەموو ئەمانە لە هۆکارە مەترسیدارەکانی سەرهەڵدانی قەیران و بشێویی دەروونییە.

٤- لە ئێراندا کەسانی خێزاندار لەچاو کەسانی سەڵت، بە هۆکاری جیاواز تەندروستیی دروونییان لە ئاستێکی خراپتردایە، بابەتێ کە جێگەی مەترسی و تێڕامانە.

٥- جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەموو بوارەکاندا بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی ئێرانی خستووەتە ژێر مەترسییەوە و ئەم بابەتەش ڕاستەوخۆ شوێندانەر بووە لەسەر بشێویی دەروونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی وڵاتی ئێران.

٦- ئایینی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا کارێکی وای کردووە کە ڕێگە خۆش بێ بۆ گەندەڵی ئیخلاقی و لە هەمان کاتدا یاسابەزێنی لە لایەن ئەو کەسانەی کە پێڕەوی ئەو ئایینە نین.

٧- نەبوونی کۆمەڵگایەکی یەکسان و مافی شارۆمەندی بە شێوەی بەرابەر لەنێوان دانیشتووانی وڵاتی ئێراندا بووەتە هۆی خەمساردی و سەرکزی بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی وڵاتی ئێران.

٨- سەرهەڵدانی کەلێنی نەوەیی.

ڕێکارەکانی پێشگرتن لە خراپ بوونی دۆخی دەروونی:

١- ئەنجامدانی توێژینەوە و تاوتوێ کردنی بەردەوام بە ئامانجی دەسنیشان کردنی مەترسییەکان و ڕێکارەکانی شادبوونی کۆمەڵگا.

٢- فێرکاریی و زانیاری بەخشین لە پێوەندی لەگەڵ تەندروستیی دەروونی.

٣- پێکهێنان و بەهێزکردنی تۆڕەکانی پاڵپشتی لە بنەماڵە.

٤- لەبەرچاوگرتن و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکان.

٥- دەستێوەردانی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی دابەزینی دڵەڕاوکێ و بەرزکردنەوەی تەندروستیی دەروونی.

٦- بەشداری هەموو دانیشتوان و شارۆمەندانی وڵات بە چاوێکی یەکسان لە بەڕێوەبەری کاروباری وڵات بە شێوەیەك کە هیچ کەس هەست نەکات لەم وڵاتە نامۆ، بێگانە و شارۆمەندی پلە دووهەم و سێهەمە.

٧- ئازادیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایینی.

٨- ڕەخساندنی هەلی کار.

٩- گرینگی دان بە بنەماڵە و وەگەڕخستنی تواناکانیان لە ئاست بەڕێوەبەری ناوچەیی و سەرانسەریدا.

١٠- گرینگی دان بە کەسانی خوێندکار و بە ئەزموون لە وڵاتدا بە مەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییانەی کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی کەلێنی نەوەیی[3].

١. وەرگیراوە لە ماڵپەڕی ویکیپیدیا

٢. . تەندروستی دەروونی، پێویستیی کۆمەڵگایەکی تەندروست، دوکتۆر عەلی ڕەزا بووستانی پوور.

٣. کۆمەڵگای بەختەوەر و تەندروست. دوکتۆر ئەحمەد نوربالا









## هەڤاڵ بۆتان:

# «بۆ دروشمی خۆسەریی دێموکراتیک، یەک گەریلاش شەهید بێ، جینایەتە»

هەڤپەیڤین: شەهاب خالیدی

**شەڕێکی قورس لە نێوان گەریلاکانی PKK و دەوڵەتی تورکیەدا بەردەوامە. هەر دوو لایەن یەکتری بە لەباربردنی پرۆسەی چارەسەری تاوانبار دەکەن. ئەو شەڕ و توندووتیژیانە لە کاتێکدان کە هەڵبژاردنێکی پێش وەخت لە پێش هەموو لایەنەکان و بە تایبەت ئا.ک.پ و ه.د.پ دایە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر درێژەپێدانی شەڕ یان ڕاگرتنی شەڕ دەبێ. بۆ باس و ڕاوێژی زیاتر لە سەر ئەو مژارە گرینگە بە پێویستمان زانی کە وتووێژێك لەگەڵ ڕێزدار هەڤاڵ بۆتان ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتیی PKK پێك بێنین، کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو وتووێژەیە. شیاوی باسە کە بیروبۆچوونەکانی ناوبراوی تەنیا بیروبۆچوونی شەخسی خۆیەتی و ڕۆژنامەی کوردستان لێی بەرپرس نیە:**

**پرسیار: بە ڕای جەنابتان کام لایەن تاوانبارە بە دەستپێکردنی ئەم شەڕە، چونکە هەردوو لایەن یەکتری تاوانبار دەکەن بە شکاندنی ئاگربەسەکە؟**

**وڵام:** بۆ دەستپێکردنی شەڕ هەردوو لایەن یەکتری تاوانبار دەکەن. ئەگەر ئێمە بڵێین کە حەق بە دەوڵەتی تورکیەیە و ئەو لە بەرامبەر هێرشەکانی پ.ک.ک خۆی دەپارێزێ، ئەمە ڕاست نیە. دەوڵەتی تورکیە هەر داگیرکەر و هۆکاری هەڵایسانی ئەم شەڕەیە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیە پێویستبایە کە پرسی کورد چارەسەر بکات، پ.ک.ک نەیدەتوانی ئەو پرۆسەیە تێك بدات، چونکە هەم گەلی کورد و هەمیش دونیای دەرەوە لێی قبووڵ نەدەکرد. بەڵام دەوڵەت دەیهەویست کە کەمترین ماف بە کورد بدات و گەریلاکان لە وڵات دوور بخاتەوە. لە ڕاستیدا دوای چڵ ساڵ شەڕ، گەلی کورد بەو وشیارییە سیاسیە گەیشتووە کە دەوڵەت نەتوانێ فریوی بدات.

لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی تورکیە بەر لە هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیران، نە لە گەڵ ئامریکا و ئیسرائیل کەوتە بەرەیەك و نەش هیچ ڕیفۆرمێکی بەرچاوی دەستووری لە بەرژەوەندیی کورد ئەنجام دا، هەر بۆیەش نەیتوانی ببێتە دەسەڵاتدار و بە تەنیا حکوومەت پێك بێنێ و شەڕی دەست پێکرد. بەڵام پ.ک.ک ش بێ تاوان نیە لە دەستپێکردنی ئەم شەڕەدا. پ.ک.ک لە پرۆسەی چارەسەریدا کارێکی ستراتیژیکی نەکرد و ئەو پرۆسەیەی وەك تاکتیك دەدیت. پ.ک.ک لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە ئۆجالان لە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا ئیمتیازی زیاتر دەدات، ئەمەش لە کاتێکدایە کە پ.ک.ک لە بواری نیزامیدا لەو پەڕی بەهێزیدایە و لە ڕۆژئاواش بووە بە دەسەڵاتدار و ئێستا لە سەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆژئاوای کوردستان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە دۆستی هەیە و ئەگەر ئێمە لە بواری نیزامیدا زەخت و گوشار بۆ دەوڵەتی تورکیە بێنین، دەتوانین ئیمتیازی زیاتریان لێ وەرگرین.

هەروەها بە هۆی ناکۆکیی نێوان ئێران و تورکیە لە سەر ڕووداوەکانی سووریە، ئێران پشتی (پ.ک.ك) گرت و لە دژی دەوڵەتی تورکیە، (پ.ک.ك)ی هان دا. واتە ئەم شەڕە دەستی ئێرانیشی تێدا بوو و لە بەرژەوەندیی کورددا نیە و نەدەبوو پ.ک.ك ئەو شەڕەی کردبا، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی تورکیە یەك لایەنە ئەو شەڕەی بە سەر پ.ک.ك دا سەپاندبا. ئەو هەموو دەنگەی کە ئەم جارە ه.د.پ بەدەستی هێنا، سەلماندی کە کورد دەبێ لە ڕێگای خەباتی سیاسیەوە کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی بکات.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی حوزەیران، کوردەکان نەیانگوتبا کە ئێمە ناهێڵین ئەردۆغان ببێ بە سەرۆك و ناهێڵین ئا.ک.پ بە تەنیا دەسەڵاتدار بێ، و دوای هەڵبژاردنەکانیش هەوڵیان دابا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هاوبەش لەگەڵ ئا.ک.پ پێك بێنن ئەمە زۆر بە قازانجی پرسی کورد بوو. بەڵام کاتێك کە تۆ هێرش دەکەی بۆ سەر بەردەنگی خۆت، دیارە ئەویش حسابت بۆ ناکات و تۆ تاوانبار دەکات بە تێکدانی پرۆسەی ئاشتی. بە داخەوە پ.ک.ك لەو پرۆسەیەدا بە پێی قازانج و بەرژەوەندیی کورد حەرەکەتی نەکرد و ئێستا زەحمەتە کە دەوڵەت ه.د.پ یان پ.ک.ك وەك بەردەنگی خۆی قبووڵ بکات و بە داخەوە شەڕەکە بووە بە شەڕی کورد و تورك و هەردوو لایەن هۆکاری دەستپێکردنی شەڕ و توندووتیژییەکانن و پرۆسەی چارەسەرییان لەبار برد.

**پرسیار: ئەم شەڕە چ کاریگەرییەکی لە سەر پرسی کورد لەو وڵاتەدا دەبێ؟**

**وەڵام:** ڕاستە کە ئازادی نرخی دەوێ و هیچ کەس ناتوانێ لایەنێك کە بۆ ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەت خەبات دەکات و شەهید دەدات، بە تاوانبار بزانێ، بەڵام چونکە ئەم شەڕە بێ ئامانجە، پێویست بە دانی نرخ ناکات. پ.ک.ك تا ساڵی ٢٠٠٠ بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەباتی کرد، بەڵام دوای دەستگیرکردنی ئۆجالان، ئەو دەستی لەو دروشمە هەڵگرت و دەوڵەت- نەتەوە ڕەت دەکات و داوای «خۆسەریی دێموکراتیك» دەکات. بۆ ئەم دروشمە دانی یەك شەهیدیش جینایەتە. ئەم شەڕە بێ ئامانجەو ١٠ بەرامبەر زیادتر زەرەی بۆ کورد هەیە. لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٠٠ گەریلا و کەسی سڤیل شەهید بوون کە هەموویان لە ڕێگایێکی بێ ئامانجدا شەهید بوون. ڕاستە کە سەرباز و پۆلیسی تورکیش دەکوژرێن، بەڵام گوند و شاری ئێمەش کاوڵ دەبن.

**پرسیار: کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لە سەر هەڵبژاردنی پێش وەخت لە تورکیە چۆن دەبێ و کام لایەن زەرەرمەندی یەکەم دەبێ؟**

**وڵام:** ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی حوزەیراندا نەیتوانی ببێتە تاکە حیزبی دەسەڵاتدار، هۆکارەکەشی ئەمە بوو کە ناوبراو گرینگیەکی ئەوتۆی نەدا بە پرۆسەی چارەسەری و لە مەسەلەی کۆبانێدا، ناوبراو بە نهێنی پشتی داعشی دەگرت و لە دژی کورد هەڵوێستی نابەجێی هەبوو. ناوبراو چەند جار ڕایگەیاند کە کێشەیەکمان بە ناوی کێشەی کورد نیە و کێشەی کورد چارەسەر کراوە و زۆر سووکایەتیی بە کورد کرد، هەر بۆیەش ڕێژەیێکی بەرچاو لە کورد دەنگیان بە ه.د.پ دا. جاری پێشوو ڕێژەی دەنگەکانی ه.د.پ لە ئاستی تورکیە لە سەدا ٦-٧ بوو، کە ئەم جارە خۆی لە ١٣٪ دا. ڕەنگبێ ١-٢٪ لەو کەسانەی کە دەنگیان دا بە ه.د.پ دژی ئەردۆغان بوون. بەڵام ئەوانەی دیکە کە ئەم جارە دەنگیان بە ه.د.پ دا و پێشتر دەنگیان بە ئا.ک.پ دابوو، ئەو کەسانە بوون کە لە هەڵوێستە نابەجێیەکانی ئەردۆغان لە مەڕ پرسی کورد تووڕە ببوون. هەر بۆیەش ئەردۆغان شکستی خوارد و دەستی کرد بە تێکدانی پرۆسەی چارەسەری و هەوڵ دەدا ئەم جارە تۆڵەی شکستی ٧ی حوزەیران بکاتەوە. ئەو دەزانێ ئەمە زحمەتە، بۆیە بە درێژەپێدانی شەڕ، هەوڵی ناوبراو ئەوەیە کە دەنگی نەتەوەپەرەستەکانی سەر بە م.ه.پ بەدەست بێنێ. بەڵام ئەمەش هیچ گارانتیەکی نیە و شەڕەکە لە کۆنترۆڵی ئەردۆغاندا نەماوە و ئابووریی تورکیە خەریکە لاواز دەبێ و زەربەی قورسی وێ دەکەوێ. بەڵام ئەگەر ناوبراو بتوانێ بەر لە هەڵبژاردنی پێشوەخت شەڕەکە ڕاگرێ و بیخاتە ژێر کونترۆڵی خۆی، ڕەنگبێ ئەمە زیاتر بە قازانجی ئەو بێ. ئەگەریش دوای هەڵبژاردن بتوانێ بە تەنیا حکوومەت پێك بێنێ، دیسانیش ناتوانێ ئەو ئەمنیەت و ئاسایشەی کە لە کاتی پرۆسەی چارەسەریدا هەبوو بگەڕێنێتەوە وڵات.

**پرسیار: گەلۆ مەبەستی ئا.ک.پ لە پرۆسەی چارەسەری، لە بنەڕتدا چارەسەریی پرسی کورد بوو، یان دانی مافێکی زۆر کەم بە کورد و لەناوبردنی پ.ک.ك بوو؟**

**وڵام:** سێ ئامانج هەبوون:

١ پ.ک.ك لە کوردستانی باکوور دەربکات و بە یەکجاری کۆتایی بە شەڕ بێنێ.

٢ دەیهەویست کەمترین ماف بە کورد بدات.

٣ کاربەدەستانی ئا.ک.پ دەیانگوت کە سەرۆکی پ.ک.ك لە دەست ئێمەدایە و ئێمە دەتوانین داواکانی خۆمان بە سەریدا بسەپێنین.

دەیانویست کە پ.ی.د لە ڕۆژئاوای کوردستان لە سەر بڕیاری ئۆجالان بخەنە ژێر دسەڵاتی خۆیان و بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان لە دژی ڕێژیمی بەعسی سووریە بە کاری بێنن، بەڵام ئەم پیلانانە سەریان نەگرت، و جیهانیش لە دژی تورکیە ڕاوەستا و لە مەڕ پشتیوانیی تورکیە لە داعش هوشداری پێدا. هەموو هەوڵیان ئەمە بوو کە کورد لە ڕۆژئاوا نەبێتە دەوڵەت و خاوەن ستاتوو، و ئەگەر سووریا دابەش ببێ، ئەو کات تورکیە بتوانێ کوردستانی ڕۆژئاوا وەك چەکێك لە دژی نەیارانی خۆی بە کار بێنێ. ئەمە نیشان دەدات کە دەسەڵاتی ئێستای تورکیە لە بنەڕەتەوە دێموکراتیك نیە و هەرچەند وەك ساڵانی پێشوو کورد ئینکار ناکات، بەڵام بۆ جێبەجێ کردنی مافەکانی گەلی کورد خۆی ئامادە نەکردوە و کاتێك باس لە پرۆسەی چارەسەریش کردووە، ئەمە تاکتیکێك بووە کە تێدا هەوڵی فریودانی کورد هەبووە. واتە کاتێك زانیان کە ناتوانن بە زەبری چەك، پ.ک.ك لە نێو ببەن، ڕێگای سیاسیان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد.

**پرسیار: ئەردۆغان ڕایگەیاندوە کە ئەوان بە یەکجاری تیرۆریستان (مەبەستی ناوبراو پ.ک.ك یە) لە نێو دەبەن و دڵنیێ کێشەی کورد چارەسەر کراوە، ئاخۆ ناوبراو کەسێکی نەتەوەپەرەستە کە تا ئێستا دمامکی ئیسلامی لە سەر دەم و چاوی داناوە؟**

**وڵام:** ئەردۆغان ڕاستە کە لە سەرەتادا هێندێك گۆڕانکاریی پێك هێنا، بەڵام ئەمە لە ڕووی ناچارییەوە بوو، ئەوان چەند ساڵ لە ڕێگای سەربازییەوە ویستیان کۆتایی بە پ.ک.ك بێنن، بەڵام ئەم سیاسەتەیان بێ ئەنجام مایەوە، لەم ساڵانەی دواییدا کورد بە باشی خۆی ئۆرگانیزە کردوە و ئیتر نە لە بواری سیاسی و نە لە بواری نیزامیشەوە، دەوڵەت ناتوانێ کورد بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. ئێستا کورد لە بواری کولتوری و سیاسی و نیزامیدا هێزێکی گەورەیە، لە باشووری کوردستانیش کورد خۆی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت ئامادە دەکات و جیهانی دەرەوەش پشتیوانی پێشمەرگەیە، چونکە پێشمەرگە لە بەرەی هەرە پێشەوەی شەڕی داعشدایە. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بووە بە هاوپەیمانی ئامریکا.

دەوڵەت دەزانێ کە ئیتر ئاسایش و ئەمنیەت بە شەڕ لە دژی کورد دابین نابێ و دەبێ پرسی کورد چارەسەر بکرێ. ئەردۆغانیش بە باشی ئەمە دەزانێ و هەر بۆیەش لەم ساڵانەی دواییدا شەڕیان ڕاگرت و پرۆسەی چارەسەرییان هێنایە بەر باس. بەڵام چونکە باوەڕیان بە چارەسەریی پرسی کورد نیە و زەینیەتی ئەوان ئەو شتە قبووڵ ناکات کە کورد ببێتە خاوەن کیانی خۆی، بۆیە ئەردۆغان دەیگوت کە ئێمە هەموومان یەك ئۆمەت، یەك نەتەوە، یەك زمان و خاوەن یەك ئاڵا و خاکین. واتە جاری وابوو باسی لە بوونی کورد و پێویستیی بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی چارەسەری دەکرد و جارێکی دیکەش دەهات و کوردی ڕەت دەکردەوە. ئەو ئێستا بەرەو دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی دەچێ. ئەو لە سەر بنەمای سیاسەتی ٨٠ ساڵ لەمەوبەر حەرەکەت دەکات و خەریکە هەم لە بواری ئیسلامی و هەمیش لە بواری هزری شۆڤینیستیەوە ڕێگای حیزبەکانی بەر لە خۆی درێژە پێ دەدات.

**پرسیار: گەلۆ ئەم شەڕە تا کەی بەردەوام دەبێ، پێتان وانیە دیسان ئەردۆغان پەنا بۆ ئۆجالان ببات، بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕەکە؟**

**وڵام:** ئامانجی ئەردۆغان ئەوەیە کە تا کاتی هەڵبژاردن شەڕ هەبێ، بەڵام شەڕەکە لە کۆنترۆڵی ئەودا نەماوە. هیچ گارانتیەك نیە کە شەڕ بەر لە هەڵبژاردن کۆتایی پێ بهێندرێ. ئەگەر هاتوو ئا.ک.پ دوای هەڵبژاردنەکان توانی بە تەنیا حکوومەت پێك بێنێ، ڕەنگبێ لە سەر بڕیاری ئۆجالان شەڕ ڕابگیرێ، یان ڕەنگبێ دەوڵەت بیهەوێ وەك حکوومەتی سریلانکا بکات و هێرشێکی گەورە بۆ سەر پ.ک.ك دەست پێ بکات بۆ لە نێو بردنی بە یەکجاری ئەو حیزبە. بەڵام ئەگەر بە تەنیا نەتوانێ ببێ بە دەسەڵاتدار، ئەگەری بەردەوامیی شەڕ زیاترە.

**پرسیار: ئەردۆغان داوای لە خەڵکی شرناخ کردوە کە یارمەتیدەری هێزە ئەمنیەکان بن، گەلۆ ئەوان بە قسەی ئەردۆغان دەکەن؟**

**وڵام:** حیزبەکانی دیکەی تورکیەش کاتێك کە دەبوون بە ئیقتدار، دەیانگوت پ.ک.ك تیرۆریستە و دەبێ ئێمە و کوردەکان پێکەوە ئەو هێزە تیرۆریستە لە نێو ببەین. ئەردۆغانیش ئێستا هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکات و داوای هاوکاری لە کورد دەکات و تەنانەت پارەش دەدات بەو کوردانەی کە هاوکار و یارمەتیدەری ناوبراو بن، بەڵام وەڵامی ئەو داوایە لە لای کورد نیە و کورد بە قسەی ئەردۆغان ناکات.

**پرسیار: بۆ چی جیهان لە بەرامبەر کوشتنی خەڵکی سڤیلی کورد لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە بێدەنگە؟ لە کاتێکدا کە تورکیە وڵاتێکی دێموکراتیکە و هێزە ئەمنییەکانی تورکیەی ئەردۆغان، برا کوردەکانی خۆی! دەکوژن؟**

**وڵام:** ئەو هەموو خەڵکە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکوژرێ، دونیا بێدەنگە. چونکە بەرژەوەندی بەر چاو دەگیرێ. لە باکووری کوردستانیش هەر وایە. پ.ک.ك لە لیستی تیرۆردایە و تورکیەش ئەندامی ناتۆیە و بۆ ئامریکا ڕۆڵێکی ستراتیژیك دەگێڕێ و هەربۆیەش ئەوان لە بەرامبەر جینایەتەکانی تورکیە بێدەنگ دەمێنن. بە پێچەوانەوە ئەگەر تورکیە دژایەتیی ئەم دەوڵەتانە و ئیسرائیل بکات، ئەو کات ئەوانیش لە بەرامبەر جینایەتەکانی تورکیەدا بێدەنگ نامێنن. کاتێك هێرش کرایە سەر ئێزدییەکان لە باشووری کوردستان و هێرش کرایە سەر کۆبانێ، جیهان لە پشتی کورد ڕاوەستا، چونکە کورد لەو بەشەی کوردستان هاوپەیمانی ئامریکا و ڕۆژئاواییەکان لە دژی تیرۆرە و ئەمە پێشمەرگەیە کە شەڕی ڕاستەقینە لە دژی داعش دەکات. بەڵام کاتی خۆی لە باشووری کوردستان، کورد لە حەلەبچە کیمیابارانیش کرا، بەڵام دونیا مات و بێدەنگ بوو. کە وابوو دونیای دەرەوە بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە بەرامبەر جینایەتەکاندا بێدەنگ دەمێنێ یان هەڵوێست دەگرێ.





# لێکهاڵاندنی تواناکانمان باشترین پاداشە بۆ یادی شەهید دکتۆر سەعید شەرەفکەندی

مەجید حەقی

دکتۆر سادق شەرەفکەندی لەو دەگمەن ڕێبەرانەی کورد بوو کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا توانی ببێتە دیارترین ڕێبەری جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد دوای دکتۆر قاسملوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا مێژوو کەمتر نموونەی وای بینیوە کە جووڵانەوەیەک یان نەتەوەیەک ڕێبەرەکەی شەهید ببێت و جێگرەکەی بەو خێراییەی کە دکتۆر شەرەفکەندی توانی بەسەر هەموو کێشەکان و بەربەستەکاندا زاڵ بێت و نەتەنیا ڕێگە لە نسکۆیی و لاوازبوونی جووڵانەوە و حیزبەکەی بگرێت، بەڵکوو چەندین هەنگاو لە سەردەمی پێشووی خۆی بەهێزتر بکات. دکتۆر سادق شەرەفکەندی خاوەنی بڕاوایەکی قووڵ بەخۆی و لەو ڕێگایەوە بە گەلەکەی بوو و باوەڕی وابوو کە گەر هەمووومان تواناکانمان «لێکهاڵێین»، «ڕووبارەکان تێکەڵبن» و «ببنە شەپۆلی بەهێزی دەریا» تا «دوژمنان لە ژێر تەوژمی خۆیدا نوقم بکات». دکتۆر شەرەفکەندی ئەهلی دروشم نەبوو. ئەو کاتێک قسەیەکی دەکرد، دروشمێکی سیاسی هەڵدەبژارد لە پێناویدا بەکردەوە هەنگاوی دەنا و ئامادەی دانی قوربانی بوو. شەرەفکەندی بەوە نموونەی ڕێبەرێکی ئەخلاقی بوو.

ڕێبەرانی ئەخلاقی کەسانێکی جێی بڕوا و ڕاستگۆن. ئەوان بڕیاردەرانی دادپەروەر و بڕوادار بە بنەماکانی مرۆیین. ئەوان مرۆڤەکان بە پلە یەک و دوو دابەش ناکەن. ئاستی مافی مرۆڤەکان بە پێی ئاستی نزیکی بەوان شی ناکەنەوە. بۆ ئەوان سەرمایە مرۆییەکانی کۆمەڵگا لە هەموو ئاستەکانی خۆیدا جێگای سەرنج و بایەخن. یەکێک لە دیاردەکانی دوای دەیەی ١٩٩٠ کۆچبەری بەرەو هەندەران و پێکهاتنی کۆمەڵگا کوردییەکان لە دیاسپۆرایە. دکتۆر سادق شەرەفکەندی لەو دەگمەن ڕێبەرانە بوو کە بەزوویی هەستی بە دەرفەتی تاراوگەنشینی و کۆمەڵگای دیاسپۆرا کرد و ئەو کۆمەڵگایەی وەک سەرمایە و دواڕۆژی جووڵانەوەی نەتەوایەتی ناوزەد کرد. هەرچەند جارێ ئەوکات ڕادەی کوردانی خۆرهەڵاتی دانیشتووی دەرەوەی وڵات بە ئاستی ئەمڕۆ نەبوو، بەڵام وەک کەسێکی ئاشنا بەسەر ڕەوتی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕەکانی گۆڕەپانی خەبات، لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەو مژارە دەکاتە بەشێک لە پرسی کۆنگرەی حیزب و خەبات لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆی وڵات بە دوو باڵی باڵندەیەک وێنا دەکات، کە بە بێ بوونی یەکیان باڵەکەی دیکەی ناتەواو دەبێت. ئەم دەربڕینەی دکتۆر سەعید هەڵقوڵاوی بیری ستراتێژیکی ڕێبەریە.

لە هەلومەرجێکدا کە ڕێکخراوەکان بە هۆی ئاڵوگۆڕە خێراکانی ژینگە لەحاڵی گۆڕانن و ئەگەری ئەوە هەیە ڕێکخراوە نوێیەکان بتوانن جێگای ڕێکخراوە نەریتیەکان بگرنەوە، مەرجی سەرەکی سەرکەوتن بوونی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و داهێنانی ڕێکخراوەییە. ڕێکخراوەکان ناچارن بە دوای شێوازی تازەی کار و چالاکی بگەڕێن و ڕەهەندی کار و چالاکییەکانیان نوێ بکەنەوە. ڕێکخراو لەو هەلومەرجەدا پێویستی بە ڕێبەریەکی گۆڕانکاریخواز، بوێر و نەترس هەیە کە بتوانێت گۆڕانکارییەکان لە ڕێکخراودا پێک بێنێت. ئەوەی لەوپێوەندیەدا گرنگە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی – کۆمەڵایەتی و ئابووری نێوخۆ و دەرەوەی ڕێکخراوە تا بە پێی ئەو بەرنامەی درێژخایەن و کورتخایەن داڕێژێت. ڕێبەرانی ستراتێژیک لە هەلومەرجی وادا دەتوانن سەرکەوتنی ڕێکخراوەکان مسۆگەر بکەن و ئەوان لە قەیرانەکانەوە بەرەو دەرفەتەکان ڕێبەری بکەن. هەلومەرجی کوردستان لە هەموو پارچەکانیدا دوای شەڕی ئێران و عێراق و داڕمانی بەرەی سۆسیالیستی گۆڕانکاری گەورە و قووڵ بەخۆیەوە دەبینێ: لە لایەکەوە بەهۆی هێرشی ڕێژیمی سەدام بۆ سەر کوەیت و شەڕی یەکەمی کەنداو و بوونی ناوچەی دژەفڕین لە باشووری کوردستان دوای کۆڕەوی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان هەلومەرجێکی بەتەواوی نوێ بۆ بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان خوڵقابوو، هاوکات لە باکووری کوردستان هەلومەرجی خەباتی چەکداری و خێرابوونی بزاڤی نەتەوایەتی بۆ هەموو ئاستەکانی خۆی پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەبینی. لە لایەکی دیکەوە لە ئێران ڕێژیمی ئێران هەموو وزەکانی بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی کوردستان ئازاد کرابوو و جووڵانەوەی کوردستان پێویستی بە خۆگونجاندن لە گەڵ هەلومەرجی نوێدا بوو. ڕێبەری سیاسی لەو هەلومەرجەدا سێ بەرپرسایەتی لە ئەستۆیە: ١. پێکهێنانی بەستەری گونجاو بۆ گۆڕانکاری، ٢. پێکهێنانی دەروەستی و هەستی خاوەندارێتی لە پرسەکان ٣. پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان نوێگەرایی و سەقامگیری ڕێکخراوەیی. دکتۆر سادق شەرەفکەندی لەو هەلومەرجەدا بە بوێرییەکی کەم وێنەی خۆی، توانی کۆستی لەدەستدانی دکتۆر قاسملوو بکاتە دەرفەتی ڕێکخستنی زیاتری هێزەکانی دێموکرات و بەها هاوبەشەکانی نێو بزاڤی کوردی بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی بۆ ڕێبەری کردنی حیزب و کۆکردنەوە و تۆکمەکردنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لە هەموو ئاستەکانی خۆیدا. لەو ڕووەوە وێڕای بەرەوپێشبردنی خەباتی نێوخۆیی و بەرخودانی چەکداری، سەرنجێکی تایبەتی دا بە بەدەزگایی کردن و ڕێکخراو کردنی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی ڕێکخستنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەهێزکردنی خەباتی دیپلۆماتیکی حیزب لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا دەژی.

مەرجی پێکەوەکارکردن و هاوپەیمانی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە، بوونی حیزبێکی یەکگرتوو، بەهێز و خاوەن ڕێکخراوەیەکی بەبەرنامەیە. دکتۆر سەعید لەو ڕوانگەیەوە لەو ماوەیەی کە ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو هەوڵێکی جیددی دا بۆ بەهێزکردنی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئاستەکانی خۆیدا و هەوڵێکی نەپساوەی دا بۆ خوڵقاندنی کەشێکی وا کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بەهێز بەڵام یەکگرتوو، پلۆرال بەڵام هاوساز خەبات بکات و لە ڕوانگەی هێزەوە لە گەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی گفتگۆ بکات و بەکردەوە جووڵانەوەی میللی – دێموکراتیکی کوردستان بکاتە ڕێبەری هەموو ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی ئێران و کۆمەڵگای ئێران لە ڕوانگەی ویستە دێموکراتیکەکانی گەلی کورد و بنەما فەلسەفییەکانی کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و دێموکراتیکەوە ڕێبەری بکات. لەو ڕووەوە دکتۆر سەعید وێڕای پێداگری لەسەر مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، هەوڵی دەدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەوری بەرەیەکی یەکگرتوو کۆ بکاتەوە. کاتێک هێزێک لە بەهێزی و بە ویستی فۆرمووڵەکراوەوە لەسەر مێزی گفتگۆ دادەنیشێت، دەتوانێت هیوای دەستکەوتی گەورەتری ببێت و شوێندانەرتر بێت. دکتۆر شەرەفکەندی لایەنگری پەراوێزخستنی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبوو. ئەو هەموو هەوڵی ئەوەبوو کە پرسی کورد کە سەرەڕای ڕەوابوونی خەباتەکەی بووتە پرسێکی مارجینال لە ئاستی هەموو کێشەکانی ئێراندا، بکاتە پرسی ناوەندی ئاڵوگۆڕەسیاسیەکان و بۆ ئەو گەورەترین پرسەی ئێران واتە ستەمی نەتەوایەتی و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەی دادپەروەرانە بکاتە سەردێڕی پرسە سیاسیەکان بۆ پێکەوە کارکردن و خەبات کردن. لەو ڕووەوە بەڕاشکاوانە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئەگەری زۆربوونی وزەی بەزین لە ناوەند ئاگادار دەکردەوە و تێنەگەیشتنی ئەوان لە پرسە نەتەوەییەکان بە واتای لێکهەڵوەشانی ئێران ناو دەبرد.

دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و داڕمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات ئاڵوگۆڕەکانی جیهان خێراییەکی دیکەیان بەخۆیەوە بینی. ئەوکات زۆرکەس پێیان وابوو کە بە ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و تاک جەمسەری جیهان بە ڕێبەری ئەمریکا، پرسەکانی جیهانی چارەسەری خێرا بە خۆوە دەبینن و جیهان لە شەڕ و نەهامەتی ڕزگاری دەبێت. دکتۆر سەعید شەرەفکەندی لەو دەگمەن ڕێبەرانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشبینی کرد. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتدا دکتۆر سەعید سناریۆکانی دوای ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات وێنا دەکات و پێشبینی ئەوەدەکات، کە تا مەودای نێوان باشوور و باکوور واتە جیهانی سەرمایەداری و کۆمەڵگا دواخراوەکان لە یەک نزیک نەبێتەوە شەڕ و ناسەقامگیری درێژەی دەبێت و هێرشی کۆچبەران بەرەو ڕۆژئاوا زیاتر دەبێت. ئەمڕۆ بیست وسێ ساڵ دوای، تیرۆری میکۆنوس شەپۆلی پەنابەران وکۆچبەران لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەشێوەیەکی بێ وێنە ڕووی لە یەکیەتی ئورووپا کردووە و یەکیەتی ئورووپا لەگەڵ گەورەترین قەیرانی کۆچبەری مێژووی خۆی بەرەوڕوو بووەتەوە.

خێرایی ئاڵوگۆڕەکان بە ڕادەیەک بووە کەمتر کەسێک بووە لەسەدەی ڕابردوودا بتوانێت پێشبینی ئاڵوگۆڕی وا بکات. جیهان و ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکان لە هەموو وڵاتاندا بە ڕادەیەک خێرایە کە کەشێکی ناسەقامگیر لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا زاڵبووە. ڕێبەری نەریتی بەشێوەی سەدەی ڕابردوو ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدا. بە کردەوە زۆربەی ئاڵوگۆڕە ڕووەکی (سطحی)یەکانی نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانیدا تووشی شکست بوون و نەیانتوانیوە پێشی لێک دابڕان و جیابوونەکان بگرن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم تەقینەوەدایە. کوردستان نیشتمانی دابەشکراوی نەتەوەی کورد و وڵاتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردا بینەری ئاڵوگۆڕی خێرا، گۆڕانکاری لە هاوپەیمانێتی، بەرژەوەندییەکانی نوێ و سناریۆکانی نوێی سیاسی و جوگرافین. هاوکات کۆمەڵگای جیهانی و کۆمەڵگای کورد لە دەست قەیرانی بڕوا دەناڵێت، قەیرانێک کە بۆ لێ دەربازبوون پێویستی بە «ڕاستی» ئەزموونی و هەنگاو بە هەنگاو لە یەک نزیک بوونەوە دەکات. ئێمە دەشێ بیرکردنەوەیەک کە دەبێتە هۆی وێکنەگەیشتنمان بگۆڕین و ستراتێژی لێکنزیکبوونەوە و «لێکهاڵاندنی» هێزەکانمان بکەینە سەردێڕی بڕیارە سیاسیەکانمان تا وتەی ڕێبەری شەهیدمان دکتۆر سەعید شەرەفکەندی ڕووبارەکان تێکەڵبن و شەپۆلی بەهێزی دەریامان دوژمنانمان لە ژێر تەوژمی خۆیدا نوقم بکات. پەیامی دکتۆر سەعید بۆ ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدان ڕوون و ئاشکرایە. گەر باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگەیان بێت، یەکگرتنەوە و وێکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و یەکگرتوویی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەدیهێنانی خەونی ڕێبەری شەهیدمان و باشترین پاداشێکە کە لە ساڵڤەگەری شەهیدبوونیدا دەتوانین مزگێنی بە ڕێبەرانی شەهیدمان بدەین.



## جووت هەوت



هەوراز

بەم دواییانە و پاش ڕێککەوتنە ناوکییەکە، وا دیارە ئەمریکاییەکان بە تایبەتی جەماعەتی ئۆباما گلەییان لە زەریف کردووە کە بۆچی ئێمە لە بەر حورمەتی ڕیشی سپیی ئێوە سینگی خۆمان کردۆتە قەڵغانی تیر و توانجی هەموو دنیا، بەڵام ئێوە لە مەجلیس تا نوێژی هەینی و لە باخچەکانی ساوایان تا پۆلەکانی زانکۆ، سەروبنی هەموو قسەیەکتان بۆتە دروشمی «مردن بۆ ئەمریکا»؟ لە بەرانبەردا حەسەن ڕووحانی گوتوویە: کاکی خۆم! مەبەست لە دروشمی «مرگ بر امریکا» خەڵکی ئەمریکا نیە و ئێمە (واتە خۆیان) خەڵکی ئەمریکامان خۆش دەوێ. ناوبراو هەروەها دەڵێ دوژمنی ئێمە نە ئەمریکایە و نە ئیسراییل، بەڵکوو وشکەساڵی و گەمارۆی ئابووری و قات و قڕی و شتی لەو بابەتەیە (بۆ ئەوەی ڕووحانی مدیوون نەبێت، بۆ خۆتان فڕۆکەی نەفەرهەڵگری بەساڵاچووی ڕووسی و ئۆتۆمبیلە خۆماڵییەکانی ئێرانیشی پێوە زیاد بکەن کە تا ئیستا چەندقاتی هەر دوو ڕێژیمی بەعسی عێراق و سووریەیان لە خەڵکی ئێران و سووریە کوشتووە).
ئیستا کە سەرکۆماری یاساناس پاش سێ و شەش ساڵ تازە دەیهەوێ سنووری ئەو دروشمە دیاری بکات، بۆ جەماعەتی ئۆباماش بۆتە پرسیار کە ئەگەر مەبەستیان لە ئەمریکا، خەڵکی ئەمریکا نیە، ئیدی مەبەستیان کێیە؟ بڵێی مەبەستیان خاك و سروشتی وڵاتی ئەمریکا بێت؟ قابیلە هێندە گەمژە بن کە داوای مردنی خاکێك بکەن کە خەڵکەکەیان خۆش دەوێ؟ تازە مەگەر خاك دەمرێ (بە تایبەتی ئەگەر خەڵك زیندوو بن)؟ کە واتە دەبێ مەبەستیان حکوومەتی ئەمریکا بێت. جا خۆ لە ئەمریکا حکوومەت و خەڵك هێندە دوژمنی یەکدی نین کە یەکیانت خۆش بوێ و ببیتە دوژمنی ئەوی دیکەیان کە لە ڕوانگەی خەڵکەکەی خۆیەوە یاسایی و ڕەوایە. ئەگەر واش بێت، خۆ کاك مەلا حەسەن باش دەزانێ کە ئەوە حکوومەتەکەی ئەمریکایە لەگەڵ ئەوان ڕێك کەوتووە نەك خەڵکەکەی. کەواتە ڕەنگە مەبەست لە ئەمریکا «کۆنگرێسی ئەمریکا» بێت کە دژی ڕێککەوتنەکەیە. بەڵام خۆ کۆنگرێس تا دوو ساڵ پێش ئێستا واتە لە کاتی سەپاندنی گەمارۆکاندا بە دەست جەماعەتی ئۆباماوە بوو. ئێستاش هەر بەشێکی لەو جەماعەتەیە و پشتگیریی ڕێککەوتنەکە دەکەن. کەواتە ڕەنگە مەبەستیان تەنیا کۆماریخوازانی ئەمریکا بێت، بەڵام خۆ ئەو کاتەی کە ئێران و ئەمریکا بۆ یەکەمجار نێوانیان وەك نێوانی من و خاڵۆ فەرەج تێك چوو، واتە پاییزی ١٩٧٩ سەرکۆماری ئەو وڵاتە کۆماریخواز نەبوو، بەڵکوو ئۆبامایەکی سپی بوو. ئیدی مەبەستیان کێیە؟ نەکا مەبەستیان لە ئەمریکا هەمان «ئەمریکای لاتین» بێت. ئەوە نیە سەردەمێك دەیانگوت «ئەمریکا! ئەگەر بۆ هەموو کەس لاتن، بۆ ئێمە شۆکۆلاتن»؟ بەڵام جا چۆن دەبێ ئەمریکای لاتین کە زێدی خۆشەویستەکانی وەك فەیسەڵ کاسترۆ و حەبیب مۆرالێس و بە تایبەتی خاتوو کریستینا فرناندز و دایکی هۆگۆ چاڤێزە، ببێتە دوژمن. کەوابوو باشتر وایە ڕووحانی واز لە گۆڕینی واتای «ئەمریکا» بێنێ و پێناسەیەکی نوێ بۆ «مەرگ» بدۆزێتەوە. شارەزاییشیان لە بواری مەرگدا هەیە و کەسیش حاشای لێ ناکات. زۆر زەحمەتە بتوانن ئۆباما تێبگەیەنن کە مەبەست لە «ئەمریکا» شتێکی دیکەیە کە ئێستاش بۆ خۆیان ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام دەتوانن پێی بڵێن «مەرگ» لە وڵاتی ئێمە شتێکی خراپ نیە و مرۆڤەکان نەك بۆ دوژمنی خۆیان، بەڵکوو بۆ خۆشەویستترین کەسانی خۆیان ئارەزووی مردن و ڕزگاربوون لەم ژیانە پڕ کوێرەوەرییە دەکەن و لە بنەڕەتدا بۆ مردن دەژین و زۆر کەسیش لە ژێر حوکمی ئەواندا ڕۆژێ سەد جار ئارەزووی مەرگ بۆ خۆی دەکات کە دۆعای خێرە. هەر بۆیە سەیر نیە کە لەگەڵ ئەو هەموو مەرگخواستنەی کە بۆ خۆیان دەیکەن، لە سەر نوێژەکانیاندا جارجارێك نزای خێری «مردن و لەنێوچوون» بۆ وڵاتانی دۆست و برادەریش بکەن و ئەبێ خەڵکی ئەمریکا مەمنوونیش بن کە بە بێ ماڵیات و بە خۆڕایی دۆعای مەرگیان بۆ دەکرێت.

ئەگەر ئۆباما و جەماعەتەکەی بە هەموو ئەو قسانە ڕازی نەبوون، ئیتر ڕووحانی دەبێ دواییین قسەی خۆی بکات و بڵێ کاکە گیان! ئەسڵەن دروشمی »مرگ بر امریکا«ی ئێمە چ پێوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە؟ ئەوە کاروباری نێوخۆیی ئێمەیە. مەگەر ئێمە تا ئیستا بە ئێوەمان وتووە بۆچی لە واشینگتۆن و نیویۆرك و لە دانیشتنە سیاسییەکانی خۆتاندا دروشمی «مرگ بر امریکا» نادەن یان دەیدەن یان دەبێ بیدەن یان نابێ بیدەن؟ ئاخر جارتان بێت لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتێکی ئیسلامیدا دەخاڵەت دەکەن بە تایبەتی وڵاتێکی وەك ئێمە کە خۆمان ئوستادی دەخاڵەت لە کاروباری خەڵکداین و باش دەزانین چ شتێکی وڵاتانی دیکە پێوەندیی بە کاروباری نێوخۆیی ئێمەوە هەیە و خۆیان مافی ئەوەیان نیە دەخاڵەتی تێدا بکەن (وەك شەڕی سووریە یان شەڕی یەمەن کە بەشێکە لە کاروباری نێوخۆیی و ئەمنیەتی نیشتمانیی ئێران و هیچ بێگانەیەك تەنانەت خەڵکی سووریە و یەمەنیش بۆیان نیە دەخاڵەت لەو کاروبارە نێوخۆییانەی ئێمەدا بکەن). بۆ ئەوەی کە باش بۆیان ڕوون بێتەوە بە چ شتێك دەوترێ «کاروباری نێوخۆیی ئێران»، بۆ نموونە دەبێ بۆیان باس بکات کە ئەگەر لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا تیرۆرێك یان تەقینەوەیەك بکرێ و پێوەندیی بە سوپای قودسەوە هەبێت، دەبێ بزانن کە سوپای قودس بەشێك لە سپای پاسداران و ئەویش بەشێك لە کاروباری نێوخۆیی ئێرانە و نابێ بێگانەکان دەخاڵەتی تێدا بکەن. یان ئەگەر لە تاران دیپلۆماتەکانی وڵاتێك بە بارمتە بگیرێن، ئەوە تەنیا پێوەندیی بە دەزگای قەزایی ئێرانەوە هەیە و نابێ ئۆباما قسەی تێدا بکات.



# خامنەیی لە گێژاوی ئاکامەکانی ڕێککەوتنی ناوکیدا

بەختیار عوسمانی

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە تا ئێستاش بەردەوام و پەیتا پەیتا دژایەتی دنیای دەرەوەی کردووە و دروشمی «نە شرقی نە غربی جمهوری اسلامی» بەرز کردوەتەوە و گوێی خەڵکیان پێ کەڕ کردووە، بەڵام بە کردەوە دوای ماوەیەکی کورت بەشێك لە دروشمەکەیان کە «نە شرقی» بوو وەلانا و لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا باسیان لێوە نەکرد، لە بەرامبەر دا «نە غربی» پڕڕەنگتر کرایەوە کە ئەمیشیان لە دژایەتی لەگەڵ ئامریکا کورت کردەوە و نازناوی شەیتانی گەورەیان پێ بەخشی و لە هەر کۆبوونەوەیەکیان چ سیاسی و ئایینی و ... چەند دروشمیان دژ بە ئامریکا دەدا، بۆ ئەوەی دوژمنایەتی خۆیان نوێ بکەنەوە. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە دانیشتن و پێوەندی گرتن لەگەڵ ئامریکا و باسکردنیشی بە تابۆ و تەنانەت بە گوناحێکی گەورە دابنرێ، بەڵام ڕۆژگار هاتو چوو، ئێران بە هۆی بەرزەفڕی لەسەر مەسەلەی ناوکی و هەوڵدان بۆ دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژی ناوکی لە لایەن بەشێك لە وڵاتانی جیهانەوە بە تایبەت ئامریکاوە کەوتە بەر گەمارۆ و گوشاری ئابووری و سیاسی و ... بە چەشنێك کە خەریك بوو ئابووری ئێران لەبەریەك هەڵتەکێنێ و دارمێ بەسەر وڵات و ویلایەتەکەی ڕێبەری ڕێژیم، بۆیە بۆ مانەوەی خۆیان نەك بۆ بەرژەوەندی خەڵك پێویست بوو لەگەڵ شەیتانی گەورە! بکەونە سات و سەودا کە ئەویش بە بێ‌وتووێژ ناکرێ، بابەتێك کە ئەوان بە تابۆیان دادەنا و تەنانەت باسکردنیشی بقە بوو. بۆ ئەوەی خۆیان لەو گێژاوە ڕزگار بکەن کەوتنە گەڕان بە نێو کتێبە کۆنەکانی چەندین سەدە لەوە پێش بۆ ئەوەی حیلەیەکی شەرعی ـ سیاسی بۆ بدۆزنەوە، گەیشتنە دەورانی مەئموون و داستانی چۆنیەتی ئیمامی هەشتەمی شیعە بە جینشینی مەئموون لە سەرەتای سەدەی ٣ی ە. ق، لەو کاتەدا مەئموون لە بەر بەرژەوەندی خۆی داوا لە ئیمام ڕەزا دەکات کە ببێ بە جێنشینی، بەڵام ئەو سەرەتا بە داواکەی ڕازی نابێت پاشان مەئموون بە زۆر و هەڕەشەی کوشتن ناچاری دەکات و دەی سەپێنێ بەسەریدا و بەم چەشنە دەچێتە نێو چوارچێوەیەك کە مەئموون بۆی دیاری کردووە، خامنەیی بەمە دەڵێ «نەرمشی قارەمانانە». بەم حیلە شەرعی ـ سیاسیە دەرگای وتووێژی لەگەڵ ئامریکا کردەوە و لە پێوەندی بە وزەی ناوکی کەوتنە دیالۆگەوە.

خامنەیی لە بنەڕەتدا باوەڕی بە وتووێژ نەبووە و نیە، ئەویش لەبەر ئەوەی پێی وایە نوێنەری خودایە لەسەر زەوی، بۆیە پێویستی بە دیپلۆماسی نیە و بۆ خۆی دەتوانێ کێشەکانی یەك لایەنە چارەسەر بکات، پێی وایە دنیای دیپلۆماسی، دنیای پێکەنینە و بە گاڵتەوە دەڵێ: «عالم دیپلماسی، عالم لبخندزدن است» ئەم لێدوانە نیشان دەدات کە چەند بە سووکی چاو لە وتووێژ و دیالۆگ دەکا، خۆیان بە حەقدار و بەرامبەرەکەیشان بە زاڵم و تاغووت دەزانن، بۆیە پێیان وایە لە نێوان ئەم دووانەدا کە یەکیان واتە کۆماری ئیسلامی خۆی بە هەڵگری «گفتمان نوین اسلامی» دەزانێ و لە بەرانبەردا لایەنی دیکە لە سەروی هەموویانەوە ئامریکا بە هەڵگری «گفتمانی جاهلیت امروز» دەزانێ کۆماری ئیسلامی پێی وایە کە لە ئێراندا دادپەروەی بەرقەرارە و ڕێز لە ئیرادەی خەڵك دەگیرێ، ئەوان کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵك و زیندانی و نەداری خەڵك نابینن.

بە هەر شێوە ئێستا کە تابۆی وتووێژیان لەگەڵ ئامریکا شکاند، با بزانین هەڵوێستەکانی خامنەیی لەسەر وتووێژەکە و لێكتێگەیشتن و ڕێککەوتنەکە بەگشتی لەسەرەتاوە تا کۆتای وتووێژەکان چی بووە؟ هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵێك هێڵی سووری دیاری کردبوو و چوارچێوەی وتووێژەکەی دیاری کرد. ئەگەر لە هێڵ و چوارچێوەکان بترازێن ئەوا دەکەونە بەر غەزەبی دنیا و قیامەت. حەوتوویەك بەسەر لێکتێگەیشتنی نێوان ئێرانو گرووپی ١ +٥دا تێنەپەڕی بوو کە خامنەیی هاتە سەرخەت و دیسان باسی ئەوەی کردەوە کە ئەو بە دانیشتنەکان گەشبین نییە و بە تایبەت لەگەڵ ئامریکادا و گەلێك دەستەواژی سووك و دوور لە هەموو یاسا و پرنسیپێکی دیپلۆماسی و مرۆیی بەکارهێنا.

لەسەر لێکتێگەیشتنەکە باسی ئەوە دەکات کە لەسەر چوارچێوەی گشتی وتووێژەکان ساخ بوونەتەوە و تەنیا وردەکارییەکانی ماوە، ناوبراو لە(١٣٩٤/١/٢٠)دا دەڵێ گرفتی سەرەکی لەسەر وردەکاریەکانە و دەبێ چارەسەر بکرێن، کە پرسیارییان لێ کرد هەڵوێستت لەسەر وتووێژەکان چییە؟ بە تۆڕەییەوە وەڵامی دایەوە: «چ هەڵوێستێك؟ ئەگەر لە من پرسیار دەکەن کە ئێوە ڕازین یان نارازی؟ دەڵێم نە ڕازیمو نە نارازی»(١٣٩٤/١/٢٠)، خامنەیی بەم لێدوانە هەڵوێستێکی ڕوون لەسەر وتوێژەکان باس ناکات و جارێك لە ژێر سێبەری پشتیوانی کردن لە وتووێژ ڕازی بوونی خۆی دەردەخات، لە لایەکی دیکەیشەوە وتووێژ دەسپێرێ بە قەزاو قەدەر «ئەگەر خودای گەورە قەراری دابێ و توانیان بە ڕێککەوتنێك بگەن»(١٣٩٤/١/٢٠) لە لایەکی دیکەوە بە بەردەوامی ئاگاداری نوێنەرانی دەکات کە نەکەونە داوی دوژمن !. خامنەیی دەڵێ ئێمە تەنیا لەسەر مەسەلەی ناوکی لەگەڵ ڕۆژئاوا بەتایبەت ئامریکا وتووێژ دەکەین لەسەر هیچ مەسەلەیەکی دیکە پێکەوە کۆنابینەوە، چوونکە ڕێگای ئێمە و ئەوان بە تەواوی پێچەوانەی یەکترە.

سەید عەلی خامنەیی ڕاست و چەپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە بڕوای بە لایەنی بەرامبەر (گرووپی ١+٥) نییە، لە لایەك دەڵێت کە من تەنیا لە چوارچێوەی گشتی و مەسەلە گەورەکان و هێڵەسوورەکان ڕێنوێنی دەدەم « لە وردەکارییەکانی وتووێژدا دەستم نیە، و ئەو کارەش ناکەم، مەسەلە گەورەکان، هێڵە سەرەکییەکان، چوارچێوە گرنگەکان و هێڵە سوورەکان بە بەردەوام بە بەرپرسانم وتووە»(٩٤/١/٢٠) چەند چرکەیەك بەسەر ئەم قسەیدا تێپەر نابێ کە خێرا لە قسەکانی پێشووی پاشگەز دەبێتەوە و دەڵێ: «بەڵام بەندە هەست بە بەرپرسایەتی دەکەم، نیسبەت بەم مەسەلە بە هیچ شێوەیەك بێ تەفاوەت نیم»(٩٤/١/٢٠).

**عەلی خامنەیی دانی بە ڕێککەوتننامەکەدا نەناوە و گەلێک ئەگەر و مەگەری لە پێشدا بۆ داناوە و پێی وایە مەسەلەی دوای ڕێککەوتنەکە لە مەسەلەی ڕێککەوتنەکە گرنگترە**

قسەکانی لەگەڵ یەکتر یەك ناگرنەوە بۆیە تووشی سەرلێشیواویی دەبێ، جارێك دەڵێ ئاگام لە وردەکارییەکانە و بە گرفتی سەرەکی ناویان دەباتو لە لایەکی دیکەوە دەڵێ ئاگام لێیان نیە.

**خامنەیی ڕازی ڕێککەوتنەکە نیە و زۆریش لەسەر شانی گرانە و ئارەزوویش دەکات هەڵبوەشێتەوە، بەڵام هەروەک چۆن بە ناچارو بە زۆرەملی ئامادەی وتووێژ بوو ئاوەهاش ناچارە کە ڕێککەوتنەکە قەبووڵ و پەسند بکات**

هەرچەند خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم خۆی فەرمانی وتووێژی ڕاگەیاند، بەڵام وەك ڕەفسەنجانی دەڵێ: «بڕیاری وتووێژیان دا» یانی خامنەیی بە تەنیا بڕیارەکەی نەدا، بەڵکوو ئەو ڕایگەیاند. عەلی خامنەیی دەترسێ کە تیمی وتووێژکەرەکەی لە پشتەوە جۆرێك معامەلە بکەن و ئاگای لێی نەبێ، چوونکە زۆربەی نوێنەرانی هەیئەتی وتووێژ کەسانی سەر بە دەوڵەتن کە لە ڕفسەنجانییەوە نزیکن، بۆیە خامنەیی هەرچەند بە ڕواڵەت دەڵێ بڕوای تەواوم بە تیمی وتووێژ هەیە و گومانم لێیان نیە، بەڵام نایشارێتەوە و دەڵێ نیگەرانیی جیدیم هەیە. ڕێبەری ڕێژیم هەموو خەتو نیشانەکانی وتووێژی بە ورد و درشتیەوە بە سەرکۆمارەکەی واتا ڕووحانی وتووە وەك بۆ خۆی چەند جارێك دەڵێ: «ئەمەیشم بە بەڕێز سەرکۆمار ووتووە» یا «بە سەروکۆماری بەڕێزم وتووە» بۆ ئەوەی ڕووحانی فەرمانەکانی بگەیەنێتە تیمی وتووێژ، ئەوە کە زوو زوو ڕاسپاردەکانی بە سەرکۆماری ڕاگەیاندووە نیشان دەدات کە زۆر بڕوای پێی نیە یان لای وایە ڕووحانی بەو پەلەپەلەو بە دڵ فراوانییەوە بۆ ئەم کارە دەچێ و بەو شێوە ئەو دەیهەوێ جێبەجێ ناکرێ.

خامنەیی باس لە ڕێککەوتنی باش دەکات و ئاوات بۆ ڕێککەوتنێك دەخوازێت کە بە قەوڵی خۆی بەرژەوەندی و سەروەری ئێران مسۆگەر بکات ئەوکات «سەد لە سەد پشتیوانی وپێشوازی لێ دەکەم ... بە تەواوی ڕازی دەبم»(٩٤/١/٢٠) . ناوبراو دەڵێ «ڕێك نەکەوتن باشترە لە ڕێککەوتنی خراپ»(٩٤/١/٢٠) بە کورتییەکەی ئەگەر ڕۆژێك ڕێککەوتن کرا ئەوە باشە و ئەگەر نەکرا ئەوان پێشیان لە ڕێککەوتنێکی خراپ گرتووە.

ئێستا کە وتووێژەکان تەواو بوون و لەسەر چوارچێوە و وردەکارییەکانیش ڕێککەوتون و وردەکارییش نەماوە کە ببێتە جێگای نیگەرانی جیددی خامنەیی، با بزانین بەڕێزیان! چۆن لێدوان دەدا ئایا ئەویش هەر وەك لێکتێگەیشتنەکەی لۆزان هەڵدەسەنگێنێ یان جیاوازترە یان بۆ ئەو گرینگ نیە چ لێکتێگەیشتن بێ یان ڕێککەوتن تەنانەت هیچیش بێ؟ ئەو هەر یەك ساز لێ دەدات.

ڕووحانی لە نامەیەکدا کە لە ٢٣ی پووشپەڕی ٩٤ دوای تەواو بوونی وتووێژەکان بۆ ئاگادار بوون و پیرۆزبایی کردن لە خامنەیی ناردوویەتی سپاسی ڕێنوێنی و پشتیوانییەکانی دەکات و ڕادەگەیەنێ کۆتاییەکی سەرکەوتووانە و سەربەرزانە لە وتووێژ ناوکیەکە نەسیبی ئێران بووە. خامنەیی ڕۆژێك دواتر بە نامەیەك کە لە پاراگرافێکی کورت زیاتر نیە وڵامی دەداتەوە و بە هیچ شێوەیەك قسەکانی ڕووحانی ناسەلمێنی و باسیان لێوە ناکات تەنیا تەواو بوونی وتووێژەکانی پێی هەنگاوێکی گرنگە و پێی وایە دەبێ نێوەرۆکەکەی بەوردی هەڵبسەنگێنرێ و بخرێتە چوارچێوەی یاسایی هەروەها لە درێژەی نامەکەدا دەڵێ «ئەگەر پەسند کرا» یانی ئەگەری هەیە پەسند نەکرێ و ڕەتی بکاتەوە، بۆیە باس لەوە دەکا کە لە ئامریکایش ڕوون نیە کە پەسند دەکرێ یان نا « ئەم ڕێککەوتنە کە تا ئێستاش نە لێرە چارەنووسی دیارە، نە لە ئامریکا، لێرەش دیار نیە کە قەبووڵ یان ڕەت دەکرێ«.(٩٤/٤/٢٦) .

سەرکۆماری ئامریکا و دەوڵەتەکەی وەك بڕیاردەر و بەڕێوەبەری ڕاستەقینەی وڵاتی ئامریکا بە ئاشکرا و بە ڕوونی پشتگیریان لە ڕێککەوتننامەکە کردووە و وەك خامنەیی بە شەرمەوە باسیان لێوە نەکردووە، بۆ سەرخستنی و پشتیوانی زیاتر لە نێوخۆ و دەرەوەی ئامریکا هەوڵی جیددی و هەمەلایەنەی بۆ دەدەن. بەڵام لە ئێراندا دەتوانین بڵێین زۆر پێچەوانە ئامریکایە. خامنەیی دەڵێ: «پێنج سەرکۆماری دیکەی ئامریکا لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا، بەم ئاواتەوە کە کۆماری ئیسلامی تەسلیم بکەن یان مردن یان لە مێژوودا ون بوون، ئێوەش هەر وەك ئەوان، ئێوەش هیچکات بەو ئاواتە ناگەن کە ئێران تەسلیم بێت»(٩٤/٤/٢٧)و هەڕەشەیان لێ دەکات و پێیان دەڵێ ئێوەش ناتوانن بەسەر ئێمەدا سەربکەون و ئەگەر ڕوونتری بکەینەوە ئەوە دەگەیەنێ ئەو ڕێککەوتنە سەر ناگرێ و ئێوەش ئەو ئاواتە دەبنە گۆڕ.

عەلی خامنەیی دانی بە ڕێککەوتننامەکەدا نەناوە و گەلێك ئەگەر و مەگەری لە پێشدا بۆ داناوە و پێی وایە مەسەلەی دوای ڕێککەوتنەکە لە مەسەلەی ڕێککەوتنەکە گرنگترە. بۆیە فەرمان دەردەکات کە لە مەجلیسی شورای ئیسلامیش ڕێککەوتننامەکە باس بکرێ بە پێچەوانە نەزەری حەسەن ڕووحانی کە پێی وایە پێویست ناکات مەجلیس باسی ڕێککەوتننامەکە بکات، خامنەیی پێی باشە نوێنەرانی مەجلیس باسی لەسەر بکەن و وانیشان دەدا کە ئەو دەخاڵەت لە نەزەری نوێنەراندا ناکا و بڕیار بە دەستە خۆیانە، بۆیە دەڵی : «پێشنیارێکم نیە بۆ مەجلیس کە بە چ شێوەیەك بجووڵێتەوە. یەکەم جۆری بڕیاردان چۆن بێت؟ پەسند یان ڕەت بکرێتەوە، یان بە شێوەیەکی دیکە بڕیار بدەن» (٩٤/٦/١٢).

لێرەدا بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەینەوە کە ئێران تەسلیمی ڕۆژئاواییەکان بووە چەند نموونەیەك لە قسەکانی خامنەیی دەخەینە بەرباس، پێشتر بە «خێرا»و «نابێ»و «دەبێ» باسی داواکاری وتووێژەکانی دەکرد پێشی وابوو کە هێڵە سوورەکانی لە لای هەموو لایەنێك وەك یەکن، بۆیە کاتێك هێڵەکەی لە لایەن ئامریکاوە لەبەرچاو نەگیرا تۆنی دەنگی هێنایە خواروە و دەڵێ: «بەشێك لە گەمارۆکانیش کە وا نیشان دەدەن کە هەڵدەگیرێن «لێرەدا تەنیا باس لە «بەشێك» لە گەمارۆکان دەکات ئیتر ئەوە کە جاران دەیگووت دەبێ هەمووی و یەکجێ هەڵگیرێ بوونی نیە یا دەیگووت دەبێ خێرا گەمارۆکان لابەرن پاشان دەرکەوت هیچ خێراییەك لە گۆڕیدا نیە، بەڵکوو بە پێی ماوەی دیاری کراو هەڵدەگیرێ، خامنەیی دەڵێ: «گەمارۆ ئابوورییەکان دەبێ لابرێن، وتیشمان خێرا! ئێستا لێکدانەوەیان بۆ خێرا کرد ئێمەیش هیچمان نەوت، کێشە نیە، دۆستانمان لێرە ئەو خێرایان بە جۆرێك مانا کردەوە، تەرتیبێکیان بۆ دا، ئێمەش نارەزایەتیمان نیشان نەدا» پێشتر دەیگوت دەبێ هەموو گەمارۆکان لە هەموو بوارەکاندا هەڵبگیرێن، بەڵام کە بۆی جێبەجێ نەبوو ئاوا دەڵێ: «لە هێندێك خاڵدا وتیان هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆ لە دەستی دەوڵەتی ئامریکا کە لایەنی وتووێژی ئێمەیە نیە، وتیان ئەوانە ڕادەگرین».

بە کورتی خامنەیی ڕازی ڕێککەوتنەکە نیە و زۆریش لەسەر شانی گرانە و ئارەزوویش دەکات هەڵبوەشێتەوە، بەڵام هەروەك چۆن بە ناچارو بە زۆرەملی ئامادەی وتووێژ بوو ئاوەهاش ناچارە کە ڕێککەوتنەکە قەبووڵ و پەسند بکات، کۆماری ئیسلامی لەو ڕێککەوتنەدا بە شێوەیەکی بەرچاو مڵکەچی داواکانی گرووپی ١+٥ بووە هەموو ئەو هێڵ و چوارچێوانەی خامنەیی دیاری کردبوون لابران یان بێ ڕەنگ کران و چەند تەوقی ٥ ساڵ و ١٠ ساڵ و ١٥ ساڵ و ٢٥ساڵ و بەشێك لە چالاکییەکانیش تەوقی هەتاهەتای بۆ دانراوە.





# کۆژرانی مانگ و کۆستی مێژوو

## بۆ شەهید «سادق شەرفکەندی»

فەرەیدوون ئەرشەدی

یەک ڕێگا و ئەو هەموو کەژاوەی مەینەتە؟
دڵێک و ئەم گشتە ئازار و خورپەیە؟
خاکێک و ناشتنی ئەم هەموو هەتاوە شەهیدە؟
کوێ دیویە ڕووبارێ
لە ڕێگای ژوانی دەریادا سەرببڕن
جگە لە خاکی من؟!
کێ دیویە
مانگێکی پڕ خەندە لە کاتی بەخشینی تریفەدا بکوژرێ،
جگە لە ئەستێرەی ڕەشپۆشی ئاسمانی وڵاتی من!
ئەم مێژوە هیلاکە بەم گشتە کۆتەڵ و کۆستیەوە
لە کوێدا دالدە دەین
کاتێ کە دڵیشمان
پڕە لە حەسرەتی نێژرانی سەرچاوەی هیوامان
لە خاکی غوربەت دا؟

چیت دەویست؟
چیت دەویست
جگە نەختێ دەغڵ و دانی زیاتر بۆ ناو سفرەی خاڵیی جوتیاران و
جگە تۆزێ ئاسوودەیی شان و پێلی کرێکاری ناو لەپ شەقار؟!
تۆ چیت دەویست،
تۆ چیت دەویست
بێجگە ئاخاوتن بە زمانی خۆت و گوڵ وکۆتر؟
وا جرجی ناو زێرابەکانی «جەماران»
لە شەوێکی غەریبانەی پڵنگانی دارستانی خۆڕاگرا
بۆسەیەکیان بۆ نایتەوە !
تۆ چیت دەویست
جگە ڕەواندنەوەی داوی جاڵجاڵۆکەی ریشی پڕ پیلانی
ئاخوندانی کۆتر خۆر و
شکاندنی کۆت و بەندی دەستی وڵات،
وا نەیانهێشت تیشکی
بڕوات بگاتە قوژبنی تەنگ وتاریکی
ئەم دونیا بێ ئامانە !

تۆ هەگبەیەک پڕ لە تیشکی خۆری خەباتت دەهێنا
بۆ ژوورەکانی دوارۆژمان.
هەناسەی بۆن خۆشی گزینگ بووی
ئەو دەمەی شەو
ئەژنۆی لە سینگمان توند کردبوو.
بارانی وەشتێ بووی لە مەزرای سووتماک دا و
هەسانی هیوا بووی
بۆ داس و کەرەنتووی دروێنەی هیمەتمان.

بێ ئەوەی سادەیی ڕەنگی خۆت بگۆڕی
لاپەڕەی ڕەنگینی ڕۆژنامەی بەختمان بووی .

لە رۆژی خامۆشی تفەنگی بوێری و نووسانی کارێزی قوڕگمانا
تۆ بلّندگۆی ڕادیۆکەی دەنگی بەرزی کوردستانت
بەرەو گوێچکەی گرانی نەیارانمان
هەڵدەسووڕاند.
تۆ گۆزە ئاوێکی بەخشەندە و فێنکی بن بەردی متمانەی،
بۆ کاتێ خەرمانەی خەباتمان شەن دەکەین !
جێگری هەتاو بووی
پاش ئەوەی بە دەستی تاریکی پێکرابوو .
گزینگی پڕ بریسکەی سەر بەردی سەنگەر و سەر
لوولەی تفەنگ بووی
ئەو کاتەی دەلاقەی ڕوانیمان
بە عابای کووندەبوو گیرابوو .

ئێستاکەش،
لەم ڕکەی ناخواستەی مێژوەدا،
کتێبەکان خۆشتیان دەوێ،
تفەنگەکان ڕێزت دەگرن.
ڕێگاو بانی قۆرخکراوی باخەکانی دەوری «بۆکان» و
گوڵاڵەکانی سەرسینگی «تەرەغە» چاوەڕێتن .
لە قوتابخانەی ئایەندە دا
منداڵەکان
تیشکی چاوە گەشەکانت
لەسەر تەختەی پۆلەکانمان دەنووسنەوە .

کێ دیویە، کێ،
لووتکەی شاخێ تل بکەنەوە
نیشتمانێ دانەڕووخێ!؟
کێ دیویە کێ، جگە ئێمە،
شاخی کەڵێ ببڕنەوە
کەڵ هەر کەڵ بێ؟!
لق و پۆپی دارستانێ داپاچن و
دارستان هەر لەسەرپێی خۆی ڕاوەستابێ!
هەر بۆیە وا،
لە شەوانی «پرلاشز» دا
بەدیار خەونی نیشتمانەوە دادەنیشی،
یەکە یەکە
گوللەی ڕەشی شەوپەرستان
لە سینگی خۆت و «قاسملو» دەردەهێنی و
دەیخەیتەوە ناو جانتای پڕی ڕێی سەفەری خەباتەوە،
دڵنیاشی کە ئەم شاخە
بە داڕمانی دووسێ لووتکە
نامرێت و،
ئاسودەشی و باش دەزانی
کە دەرختی باخی ئێمە
بەرانبەر بە گەردەلوولی تەور و داس و شمشێرەکان،
هەتا دێت هەر چرۆ دەکا و لق دەردەکا و
سەمەر دەگرێ و
سەمەر دەگرێ .

خاکەلێوە بوو
درەختە گەورەکەی باوەڕ وشک بوو
پووشپەڕ بوو
نەمامەکەی هزر پەڕی
خەرمانان بوو
پەرژینی باغەکە زریان بردی
ئەوە بوو چیرۆکی/ ڕۆندکە
سەوزەکەی / چاوی کوێستان

ساماڵ

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 661 ▪ 22 Sep 2015*

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


زایەڵە

## خامنەیی نارسیسم و خواردنەوەی جامی ژەهر

### فاتیح ساڵحی

مێژووی سیاسی جیهان و ئێران لە چەند سەدەی ڕابردوودا لێوانلێو بووە لەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرانەی کە بە هۆی نارسیسیسم (خۆپەرەستی)ـەوە لە بەڕێوەبەری وڵاتدا تووشی هەڵە و کێشەی جۆراجۆر بوونەتەوە و لە ئەنجامی ئەو هەڵە و خۆپەرەستییەدا هەموو کیان و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان لەدەست داوە و چوونەتە زبڵدانی مێژووەوە.

ڕێبەری ئێستای کۆماری ئیسلامییش لەو دەستە ڕێبەرانەیە کە بە خەستی تووشی ئەم خەسارە عەقڵییە هاتووە.

لە خۆپەرەستیدا تاك لە زەینی خۆیدا وەها تایبەتمەندیگەلێ دروست دەکات کە خۆی بە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە باڵایانە دەزانێ. تاك وەها وێنەیەك لە خۆی دروست دەکات کە بە ڕادەیەکی سەرەنجڕاکێش، لەگەڵ ڕاستییدا، یەك ناگرنەوە. بە هەر ئەندازە ئەم وێنانانە ناڕاستتر بن، تاك زیاتر پێویستی بە پەسەند کردن و پێداهەڵگوتنی خەڵکی دیکە هەیە.

نارسیسیسم یان هەمان خۆپەرەستی لە وشەی یۆنانی نارسیسووس، یەکێك لە چیرۆکە کۆنە یونانییەکان وەرگیراوە. سفیسووس کوڕی خوداوەندی ڕووبار، جوانییەکی بێ وێنەی هەبوو. دایکی پێی وتبوو کە ئەگەر دیهەوێ تەمەنێکی درێژی هەبێ، هەرگیز سەیری ڕوخساری خۆی نەکات. لە لایەکی دیکەوە ناوبراو عەشقی پەرییەکی کوێستانی بە ناوی نمسیس ڕەت دەکاتەوە بە نفرینی نمسیس، سفیسووس عاشقی زایلەی وێنەی خۆی لە ئاودا دەبێت. ئەو هەموو ڕۆژێ سەیری ئاوی دەکرد و بە بێ ئەوەیکە بزانێ ئەو وێنەی کە لە ئاودا دەیبینێ وێنەی خۆیەتی، عاشقی دەبێ. لە دەرفەتێکدا ئەوەندە لە ئاوی ڕووبارەکە نزیك دەبێتەوە کە دەکەوێتە نێو ئاو و نوقم دەبێ.

خۆپەرەستی، وشەیەکی نامۆ نییە و هەمووان کەم تا زۆر بە شێوازی جیاواز لەگەڵیدا ناسیاون. بە سەرەنجدان بەوەیکە کەسانی خۆپەرەست بە هۆی نەبوونی هاوسەنگی لە تایبەتمەندییە کەسییەکاندا بەو لێکەوتە ڕەفتارییە جیاوازانەی کە پێکی دێنن، کێشەی زۆر بۆ تاك، خەڵکانی دیکە و کۆمەڵگا پێك دێنن و وەها بارگرژی و ململانێیەك ساز دەکەن کە بەردەوامیی و مان و نەمانیان تووشی کێشەی جیدی دەکەن.

لەم نێوانەدا ئەگەر تاکی خۆپەرەست لە سەرەوەی هەر سیستەم و وڵاتێکدا بێ، وەها وڵات و سیستەمەکەی تووشی خەسار و کێشەی قەرەبوونەکراو دەکاتەوە کە لەوانەیە درێژەی ژیان و مانەوەی خۆی و وڵات و سیستەمەکەی پرسێکی نەلواو و مەحاڵ بێت.

بەم پێیە خامنەییش وەك ڕێبەری باڵای ئێران پاش ئەوەیکە تووشی خەساری نارسیسیسم دەبێ، لە درێژەی فێرکارییەکانی خومەینی، ئەمریکا بە دوژمنی یەکە و شەیتانی گەورە ناوەزەد دەکات و ڕای دەسپێرێ هەرچەشنە نزیك بوونەوە لە ئەمریکا واتە تێداچوونی هێژمۆنی شۆڕشی ئیسلامی و هەناردەکردنی ئەم شۆڕشە نێگریسە. بەڵام ئێستاکە پاش دروشمی نەرمی نواندنی قارەمانانە و ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا و خواردنەوەی یەکەمین پێکە ژەهرەکانی ئەم نەرمی نواندنە، وادیارە کە چیدیکە هەوساری کارەکە بۆ نزیکبوونەوە لە ئەمریکا لە دەستی ڕێبەری وڵاتدا نەماوە و وێدەچێ ئەوەندەی نەمابێ ئەفسانەی سفیسووس بەرۆکی ڕێبەر و نیزامەکەی بگرێت و ئەم نەرمی نواندنە قارەمانانە، لە داهاتوودا یەکسەر بەرەو زبڵدانی مێژوویان ببات.

# فەیسبووک دەبێتە هۆی شڵەژانی دەروونی

توێژینەوەیەکی بەریتانیایی ئاگاداری بەکارهێنەرانی فەیسبووك دەکات، ئەوانەی بەردەوام چاودێریی ماڵپەڕەکان و فەیسبووك دەکەن بە هۆی تێکچوونی کاتەکانی خەوتنیانەوە لەگەڵ هاوڕێکانیان تووشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەبن.

لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانییەوە توێژەرەوان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە هەستی ترس بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی شڵەژان و تێکدانی باری دەروونی، بەپێی لێکۆڵینەوەیەك دەرکەوتووە کە تەمەنی هەرزەکاران زیاتر تووشی دڵەڕاوکێ دەبن




بەهۆی مانەوەی زۆریان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

ڕوونیشی دەکەنەوە کە نزیکەی ٪٩٠ هەرزەکاران بەردەوام لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئۆنلاینن بەتایبەتی لە شەواندا، دکتۆر هەیزەر کلیلاندودز لە زانکۆی گلاسکۆ دەڵێت هەرزەکاران زۆرتر تووشی بێزاری دەبن بەهۆی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی گشتگیر کە کاریگەری لەسەر خەو هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر لە شەودا بەکاری بێنن ئەمەش تووشی نەخۆشی خەمۆکی و گیروگرفتی دەروونی و سۆزدارییان دەکات.

# جێگرەوەی ڤایبەر و واتس ئاپ داهێنرا

پسپۆڕانی بواری دانانی پرۆگرام لە ڕووسیا توانیان بەرنامەیەکی ناوازە و نوێ دابهێنن، کە دەکرێت وەکوو جێگرەوەی ڤایبەر و واتسئاپ بەکاربهێنرێت.

ئەو پسپۆڕانە لەشاری نۆفۆسیبیرسکی ڕوسیا، داهێنانی بەرنامەیەکیان ڕاگەیاند، کەناوی «کوکو ئاو»یان لێناوە و دەکرێت لەهەموو جۆرەکانی



مۆبایلدا بەکاربهێنرێت و لەڕێیەوە نامەو وێنە ئاڵوگۆڕبکرێت.

واتسئاپ بۆ یەکەمجار لەساڵی ٢٠٠٩دا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەکارهێنرا، هەروەك ڤایبەر لە ڕێی مۆبایلە زیرەکەکانەوە هەلی چات و وتووێژی دەنگی بۆ بەکارهێنەرانی دەڕەخسێنێت.

# ئەمازۆن تابلێتێک بە ٥٠ دۆلار دەخاتە بازاڕەوە

کۆمپانیای ئەمازۆن، ئامێرێکی نوێی تابلێت، بە بەهای ٤٩,٩٩ دۆلاری ئەمریکایی، دەخاتە بازاڕەوە.

چاودێران پێیانوایە، ئەو نرخەی خراوەتە سەر ئەو ئامێرە، بە بەراورد بە نرخی هەمان جۆری ئامێر کە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتی لێوە بەردەست دەبێت، نرخێکی کەمە و پێدەچێت کریارێکی زۆر بۆ خۆی ڕابکێشێت.

ئامێری (فایەر)ی نوێ کە یەکێکە لەو چەند ئامێرەی نوێکارییان تێداکراوە و لەلایەن ئەمازۆنەوە دەخرێتەبازاڕەوە،



پانی شاشەکەی حەوت ئینچە و کامێرای پێشەوە و دواوەی هەیە، وابڕیارە لە ٣٠ ئەم مانگەدا لەلایەن کۆمپانیاکەوە، بخرێتە بازاڕەوە.

داف لیمپ جێگری سەرۆکی ئەمازۆن ڕایگەیاند: «بەشێك لە بازاڕی تابلێت لەئێستادا لە گەشەکردندایە کە نرخەکەی کەمترە لە ١٠٠ دۆلار».

وتیشی: «ئامێرەکەی کۆمپانیای (فایەر.ئێچ دی)، کە بە ٩٩ دۆلار دەفرۆشرێت، لە ساڵی ڕابردوودا باشترین پڕفرۆشەکانی کۆمپانیاکە بوو.

# شەمشەمەکوێرەکان ساڵانە ملیارێک دۆلار قازانج بەجیهان دەگەیێنن

بەپێی توێژینەوەیەکی نوێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کشتووکاڵی جیهانی هەر ساڵێك ملیاردێ دۆلاری بۆ دەگەڕێتەوە بەهۆی شەمشەمەکوێرەکانەوە.

بە پێی توێژینەوەیەکی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ زانستەکان، شەمشەمەکوێرەکان ئەو مشەخۆرانە دەخۆن کە زیان بە بەروبوومی گەنمەشامی دەگەیێنن.

توێژەرە ئەمریکییەکان تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجامدا بەچاندنی گەنمەشامی لە کێڵگەیەك و نەیانهێشت شەمشەمەکوێرەکان بگەنە کێڵگەکە و مشەخۆرەکان

بخۆن، دوای ماوەیەك دەرکەوت کێڵگەکە زیانی زۆری پێگەیشتووە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کێڵگانەی شەمشەمەکوێرەکانی لێ بووە.

بەپێی توێژینەوەکە شەمشەمەکوێرەکان بەتێکرای ٪١,٤ی بەروبوومی کشتوکاڵییان بەرز کردۆتەوە و بۆ هەر هکتارێك زەوی هە شت

دۆلاری گەڕاندۆتەوە، بەم جۆرە ملیارێك دۆلار بۆ هەموو جیهان دەگەڕێتەوە.

